## پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

### دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا     لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن


**سەرپەرشتیارانی پرۆژە**

**د. لوقمان رەئوف**

**بابان ئەنوەر**

# سان سیمۆن

## وەرگێڕانی: کۆمەڵێک نوسەر

**بەشی چوارەم**

**79**

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

# سان سیمۆن

کۆمەڵێک نوسەر
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال- زریان ڕەحیم
ساڵی چاپ: 2017
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
تیراژ: 750 دانە
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 2000 دینار
سەرپەرشتیاری چاپ: ژیار عەلادین - حسێن سەعید
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07701955044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 203 )



# سان سیمۆن

وەرگێڕانی: کۆمەڵێک نوسەر

بەشی چوارەم

79

## خوێنەری بەڕێز:

ئەم نامیلکانەی لەبەردەستدایە، بریتییە لەو پرۆژە فکری و فەلسەفیەی، کە دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە بە پرۆژەی (100) نامیلکەی فکری و فەلسەفی رایگەیاندبوو، ئەم بەشەش بریتییە لە بەشی چوارەم، بەم پێیەش تاوەکو ئێستا لەم پرۆژەیەدا (80) نامیلکەمان چاپکردوە.

بەشی یەکەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە بێرکلی، ئاشنابوون بە باشلار، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە هایدگەر، ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 بەرگ، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، ئاشنابوون بە هیگڵ، ئاشنابوون بە سارتەر، ئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر، ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک، ئاشنابوون بە مارکس (8) بەرگ).

بەشی دووەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە فیورباخ، ئاشنابوون بە تۆماس مۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە گرامشی 1،2، ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە دیموکراسی، ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەرکون، ئاشنابوون بە فۆکۆ، ئاشنابوون بە ئەکیونی، ئاشنابوون بە ئەنگڵس، ئاشنابوون بە جۆن ستوارت میل 3 بەرگ، ئاشنابوون بە جاک لاکان، ئاشنابوون بە لایبنتز، ئاشنابوون بە میکاڤیلی).

بەشی سێیەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر، ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە پۆپەر، ئاشنابوون بە دۆرکهایم، ئاشنابوون بە دریدا،

ئاشنابوون بە لیوتار، ئاشنابوون بە لینین 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ترۆتسکی، ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ، ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست)

بەشی چوارەم بریتییە لە (کۆنفۆشیۆس، جۆن دیۆی، پیەربۆردیۆ، مارتن لوسەر، ئالان بادیۆ، ویتگنشتاین، ماوتسی تۆنگ، لیڤی شتراوس، چۆمسکی، والتەر بنیامین، مارتین بوبەر، مۆنتیسکۆ ،سپێنوزا، جولیا کریستیڤا، رولان بارت، رۆدۆلف کارناب، جۆرج باتای، فۆکۆیاما، دیڤد هارڤی، سان سیمۆن).

خوێنەری بەڕێز: بەدەرلەم پرۆژەیەو لەساڵی (2011)دوو بەشی تر بە شێوەی تاک تاک و وەک پاشکۆی گۆڤاری ئایدیا بڵاوکراونەتەوە، بەشی یەکەمیان (16)فەیلەسوفن کە بریتیین لە ( ویتگنشتاین، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین ،میشێل فۆکۆ، لۆژیک ئەپستۆمۆلۆژیا، میتافیزیک، لە دیدی فەلسەفیەوە، کۆمەڵگەو دەوڵەت، دیموکراسی ئازادی تاک و کۆمەڵگە،بزوتنەوەی فێمێنیزم، سوقرات، سۆسیال دیموکرات فرۆید، وێنەی ژیان لە بۆچوونی بیرمەنداندا، ئیخوان موسلیمین داینەمۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، نیچە، ئاشنابوون بە هیوم، ئاشنابوون بە بێرتراند راسل).

بەشی دووەم (25) نامیلکە و بریتین لە (ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە کیرگە

گۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە کارل پۆپەر، ئاشنابوون بە ئالان تۆرین، ئاشنابوون بە سوقرات ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین، ئاشنابوون بە جان جاک رۆسۆ، ئاشنابوون بە دیڤد هیومئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە فرۆید، ئاشنابوون بە جۆن لۆک، ئاشنابوون بە لینین، ئاشنابوون بە ئەریک فرۆم، ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم، بلیمەتی و شێتی، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف، ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس، ئاشنابوون بە دریدا)

لە ئایندەیەکی نزیکیشدا بەشی پێنجەم کە خۆی لە کۆمەڵێک فەیلەسوف و چەمکی نوێ، کە ئەمڕۆ لە دونیای فکری و فەلسەفیدا هەن بڵاودەکەینەوە.

ئەم پرۆژەیەش لە ساڵی (2018)دا بە شێوازێکی نوێ و بە ناساندنێکی تر درێژەی دەبێت، چونکە بە پلەی یەکەم کار لەسەر بیرو هزری فەلسەفەی فەیلەسوفە نوێ و هاوچەرخەکانی دنیای بیریاری دەکات.

ئامانج لەم پرۆژەیەش مەبەستمانە ئەو کردارە بیری و عەقڵی و توانستە بیریانەی، کە بیرمەندو فەیلەسوفەکان بەدرێژایی مێژووی بیری مرۆڤایەتی ناویانە، بەئاسانترین رێگە بگەیەنینە خوێنەر، چونکە بیر هۆکارێکە مرۆڤ لەپێناو هێنانەدی خواست و دیوە شاراوەکانی مێشکدا لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاریدەهێنێت، تاوەکو لەو رێگەیەوە داهێنان

و توانست و گەشەسەندنەکان بناسێنێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم شەپۆلە بیرياريیە نەبوايە، ئێستا ژيان و پێشكەوتن بەم شێوازە نەدەبوو.

هەروەها دەمانەوێت لەم رێگەيەوە خوێنەر هەست بە بيرو ئايديا جياوازەکان و گرنگی بيرکردنەوەکان بکات، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتەکان و روانين لە جيهان بەو شێوازەی کە پێويستە لێيبڕوانێت، تاوەکو بگاتە ئەو کردارەی کە ديکارت لەسەرەتای رێنيسانسدا رايگەياند» من بيردەکەمەوە، کەواتە من هەم»، واتە بخوێنەرەوە، بۆئەوەی بتوانيت بيربکەيتەوەو بوونيەتی خۆی بسەلمێنێت.

بۆيە ئەگەر بمانەوێت بيربکەينەوە، پێويستە بەر لە هەر شتێک، هۆکاری بيرکردنەوەکە دەستەبەربکەين، خوێندنەوەش يەکێکە لە هۆکارەکان و بەهۆشيەوە، بيرکردنەوەکان بەرئەنجامی دەبن، چونکە پرۆسەی بيرکردنەوە، لەپێناو هێنانەدی داهێنان و گەشەو پێشکەوتنە، ئەم گەشەکردنەی تەکنۆلۆژيای ئەمڕۆش، بەرهەمی ئەم پرۆسەيەيە.

بۆيە نابێت پرۆسەی خوێندنەوەو بەرۆشنبيريکردن، نەک تاک، بەڵکو کۆمەڵگەش خۆی لێ نەبوێرێت، چونکە تەنها بيرەکان دەتوانن ژيان بگۆڕن، بۆيە پێويستە بەردەوام عەقڵەکان کراوەبن، لەپێناو بەرهەمهێنانی بيری نوێ و بنيادنانی ئايندەيەک، جياوازتر لەرابردو.

**د. لوقمان رەئوف**

2017

# سان سیمۆن، خانەدانە هەژارەکە
# سێبەرێك هەمیشە بەتەنیشت لۆژیکەوە

**ئەو پیاوەی پەلەی مەرگی بوو، وەلێ بە هێواشی بەژیاندا سەفەردەکات**
**مەزنە فەیلەسوفی فەرەنساو باوکی سۆشیالیزم و کۆمەڵناسیی**

**ماجید خەلیل**

پیاوێک توانی ژیان بگۆڕێت، ئەو کەسەی بۆخۆی هێندە لە ژیان وەڕسبوو، بۆ خۆی بەرەو مەرگ رایدەکرد، ئەو پەلەی بوو بمرێت، ساڵێک پێش ئەوەی بمرێت، هەوڵی خۆکوژیدا، بەڵام ژیانی بۆ مرۆڤایەتی گەڕاندەوە، ژیانێک کە جڵەوی لەدەستی عەقڵدا بێت، ژیانێک کە بێ نەواو هەژارەکان، نوسینەکانی ئەو بکەنە دروشم و لەسەر دەستی ئەو شۆڕش مەزنەکان بکەن، ئەو نەک تەنها لە پاریس و فەرەنسا، نەک تەنها لە ئەوروپا، بەڵکو لە دونیادا بوویە کەڵێک و لە لوتکەدا سەرینایەوە، بەڵێ ئەو سەرینایەوە، بەڵام تەواوی بیرو بۆچوونەکانی زیندوون و رۆحی فەلسەفەکەی لە هزری رۆشنبیرانی دونیادا، هێشتا لە جمەدایەو مرۆڤایەتی ئاڕاستەدەکات، هەربۆیە لە ئێستاشدا یەکێکە لە کاریگەرترین فەیلەسوفەکانی نێو گرۆی مرۆڤایەتی.

فەیلەسوفی فەرەنسی کۆنت کلود هنری دی سان سیمون دورفروا (Saint Simon) لە 17ی ئۆکتۆبەری 1760 لە پاریسدا هاتووەتە دونیاوە. هەروەها لە 19ی مانگی پێنجی 1825 دا هەر لە زێدی خۆیدا لە پاریس کۆچی دوایی

کردووه. ناوبراو یەکێکە لە تیۆریستە مەزنەکانی کۆمەڵناسی و بە دامەزرێنەری سۆشیایزمی مەسیحی دادەنرێت1. ئەو بە بەرهەمەکانی توانی شۆکێک لەنێو بیرو باوەڕەباوەکان و داهێنانێک لە دنیابینی مرۆڤدا چێبکات، لە کایەکانی ئاین و ئابوری و کۆمەڵناسی و زانستدا. دیارترین بەرهەمەکانی بریتین لە : کریستیانیزمی نوێ(1825).

لەسەردەمی پێش شۆڕشی فەرەنسی و لە نێو هەژموونی ئەکلیروس و خانەدانەکانی فەرەنسادا زارۆیی خۆی تێپەڕاند، پەروەردەی زارۆیی ئەو لە لایەن جان دالمبێرەوە بوو، چوون بابی کە بەنازناوی کۆنتی دەناساند فرە بەچاکی هۆشی بەلای پەروەردەی زارۆکەیەوە بوو. باپیری کۆنتی سان سیمۆن و رەوشی خانەوادەکەیانی تێکەڵ بەژیانێکی خانەدانانەو باڵا کردبوو. لەنێو ژینگەیەکدا دەژیا، کە دەستیان تێکەڵبوو بە لویسەکان و لەبەرژەوەندیی پیاوانی ئاینیشدا رایەڵەیەکیان هەبوو. ئەوان سەراپای ژیانیان کلاسیکیانە بوو. لە کۆمەڵگەیەکدا کە وردە بۆرجواو چینەکانی خوارێی فەرەنسا

ئەتکی ژیانیان پێدەرا. سان سیمۆن بۆخۆی دارای پەروەردەو کەسایەتییەکی تایبەت بوو، جیهانبینی ئەو دابڕبوو لەو دنیا خۆشگوزەرانەی کە تێیدایە، بەڵام چەرخی زەمانە بەجۆرێک دەبێت کە ئەم خانەوادە ئەرستۆکراسە مەزنە بەهۆی رووداوەکانی شۆڕشەوە هەژارو نابوت دەکەون2. موفلیسبوون رێگەی لە بەردەم گەشەی سان سیمۆن دانەخست. پاش ئەووەی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لەلای مامۆستیانێکی تایبەت تەواودەکات، لەتەمەنی 17 ساڵیدا دەخرێتە بەرخزمەتی سەربازی لە وڵاتەکەیدا. ناوبراو لە ساڵی 1781 لەچوارچێوەی ئەو کەتیبە سەربازیانەی کە لویس دەیانێرێت بۆ ئەمەریکا، ئەو لەنێو سوپای لافاریتدا دەبێت. وەکو سەرپەرستیاری تۆپهاوێژ لە ناوچەی یۆرک تاون جێگیردەبێت. ئەو دەم فەڕەنسییەکان کۆمەکی دارایی و سەربازی ئەمریکیەکانیان دەکرد لە خەباتەکەیانا بۆ رزگاربوون لە داگیرکەریی بەریتانی، واتە ناوبراو وەک هاوەڵە فەرەنسییەکانی لە جەنگی سەربەخۆیی ئەمریکادا بەشداریی کرد. پاش سەربەخۆیی ئەمریکا گەڕایەوە وڵاتەکەی

و له وەختی شۆڕشی فەرەنسادا 1789 ز له پاریسدا بوو. لەوێ هەندێک گەشت دەکات بۆ هۆڵەنداو ئیسپانیا و دەگەڕێتەوە. سەرەتا له هۆڵەندادا زانستی میکانیکی خوێندو هاوکات ئەو زانستەی خوێند که چلۆن نۆکەندە ئاوییەکان یاخود خەندەقی ئاوی لێدەدرێت. دوواتر له 1787دا چووە ئیسپانیا، ئەو هەمیشه دارای پرۆژەبوو، تەنانته مژوڵی رازیکردنی ئیسپانییەکان بوو تا به دڕنێکی ئاوی بتوانن مەدرید بگەیەنن به زەریای ئەتڵەسی. لەو رەوشەدا که تێرۆر فەرەنسای گرتبوویەوە، واته لەسەردەمی جیرۆندی و یەعقوبییەکاندا 1791 ناوبراو له کۆشکی لۆکسیمبۆرگ دا توندی زیندان کرا. ئەو خەریک بوو لەسێدارەی بدەن، چوون بەشداربوو لەچەندین خۆپیشاندانی پیشەوەرو وردە بازرگاندا و سەرپەرستی جوڵانەوەکانی وانی دەکرد، بەڵام به هۆی لەسێدارەدان و کوشتنی رۆبسبێری دارای سەردەمی تیرۆرەوە رزکاری دەبێت. پاش ئازادبوونی له کۆتو بەندی ژیانی خانەدانی هاتە دەرەوە، جیا لەوەیش خوێندنەکەی سەرلەنوێ ئەوی کردەوە به سەرمایەدارێکی مەزن، چوون

سەرکارو سەرکاریگەرو بریکارێکی مەزنی لێدەرچوو، سەرپەرشتی چەندین کاری گەورەی دەکردو هاوکات چەند کۆمپانیایەکی گواستنەوەو چنینیشی لەپاریسدا هەبوون، بەڵام لەپڕ لەو ژیانە مەزنەدا هاتە دەرێ، ئەو ژیانەی کە تەواوی پاریس بەباڵایدا هەڵیاندەداو خەونیان پێوە دەبینی، وتی لە 40 ساڵی رابردووم دادەبڕێمو خۆم یەکلایی دەکەمەوە بۆ رێنوێنی مرۆڤ بۆ رێگەی ئەخلاق. ئەم بۆچوونەی بەتەواوی لە ساڵی 1798 دا بۆ دروست بوو، ئیدی ئەو سەراپای ژیانی گۆڕاو ژیانێکی گۆشەیرو دەروێشانەو ساکاری دایە بەر. ناوبراو وازی لە نازناوی ئاغاو خانەدانی هێناو گەڕایەوە زێدەکەی و تەواوی جوتیارەکانی گردکردنەوە، ئەوانەی لەژێر هەژموونی خانەوادەکەیدا بوون، ئەوانی کۆکردەوەو وتی ئیدی سەردەمی خاوەندارو بەردەست، خاوەن و رەعییەت بەسەرچوو، ئیدی لەمڕۆ بەدوواوە هەمووماں یەکسانین، من کۆنت سان سیمۆن نیم، بەڵکو تەنها هاووڵاتییەکم بەنێوی سان سیمۆن. لەوکاتەدا کە لەنێو یانەو نادییەاندا ژیان جوانی لێدەخوێنرایەوە، ئەو بێ

کارو سەرگەردان بوو. ئیدی دەستیدایەوە خوێندن و لە پۆلەتەکنیکدا درێـژەی دایـە خوێندنەکەی. ناوبراو لە درێـژەی خوێندنەکەیدا و لە ژیانی خۆیدا تا ئەوکاتەی کۆچی دووایی دەکات چەندین بەرهەمی ناوازەی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد. بەرهەمەکانی ئەو مایەی مشتومڕی فرەبوون لەنێو هاوسەردەمەکانی خۆی و ئەوانەیش کە لەدووی هاتن. چوون بە زۆری سانسیمۆن بە دامەرزێنەری کۆمەڵناسی و زانستی کۆمەڵایەتی دادەنـرێـت، هـەرچـەنـد هـەنـدێـک پێیانوایە کە سکرتێرەکەی ئەو ئۆگەست کۆنت دامەرزێنەری راستـەقینـەی زانسـتـی سۆسیۆلۆجییە. ئـەم بۆچوونانە لە دونیای ئیسلامدا جیاوازترن و ئیبن خەلدوون بە بناغەی ئەو زانستە دادەنێن. لەم کۆڵینەوەیەدا سان سیمۆن وەک فەیلەسوفێکی بنچینەیی و مەوسوعی وەکو داهێنەرێکی بواری هزرو فەلسەفەو وەکو کەسێک، کە نوسینەکانی بوونەتە رێبازی سانسیمۆنیزم، دەخەینە بەر لێکۆڵینەوە، چوون ئەو کەسێکە بۆچوونەکانی تێکەڵن بەو شەپۆلە رۆشنگەرییەی کە سەراپای بیری مرۆڤی گۆڕی و کاریگەرییەکانی بەسەر

تـەواوی کایەکانی عەقڵ و فەلسەفەو ڕێبازە سیاسییەکانەوە دیارە. کارل مارکس لە سەنای ئەودا دەڵێت: بۆئەوەی لەمرۆڤ تێبگەین پێویستە هەموو بەرهەمەکانی سان سیمۆن بخوێنینەوە. سان سیمۆن هـەوەڵ بەرهەمی ژیانی بەناوی ( نـامـەیـەک لـە نیشتەجێیەک لـە جنێفەوە بۆ هاونیشتیمانییەکانی) ئەوە هەوەڵ بڵاوکراوەی سیاسی و پـەروەردەیـی ئـەو بـوو، کـە ئیدی بـــەردەوام بـوو تـا ئـەوکـاتـەی کـۆچـی دووایـی کرد. ناوبراو لەژیانی ساکاری خۆیدا عەزابی دەچەشت ئەو بەبرسییەتی پرۆژەمەزنەکانی دایە بەر لە کۆڵانەکانی پاریسدا بەبندەستێک پرۆژەی مەزنەوە، کە دەیتوانی تـەواوی ئـەورا بگۆڕێت بۆخۆی ساڵی 1813 هـاواری دەکـرد ن ئەی خەڵکینە وا لەبرسییەتیدا دەمـرم، لەهەمانکاتدا پـرۆژەی ژیاریی و دەستێکی گۆڕانی تـەواوی ئـەورپام لە هەگبەدایە.ناوبراو وەختێکیش کە دەمرێت، تەنانەت لەئازاری خۆیدا پێش مەرگی دەتلێتەوە لەوکاتەدا خوێنکارەکانی لـەدەوری کۆبوونەتەوەو نموونەکانی بیری خۆیان بۆ ڕاڤە دەکـات. سـان سیمۆن بوویە هێزێکی گـەورەو

بەخێرایی شوێنکەوتووانی لەتەواوی ئەوروپادا تەنرانەوە، چوون ناوبراو سەیربوو دارای تایبەتمەندی دەگمەن و ناوازە بوو، وەکو دەپرسن، ئایا هەمیشە ئەم مرۆڤە سەیرانە ڕێرەوی ژیانیان نەگۆڕیوە؟ بەڵێ ئەو بۆخۆی سەربازێکی پلەداربوو، بەڵام دەبینین ئامۆژگارییەکانی باس لە هەڵوەشانەوەی سوپا دەکەن، هەروەها ئەو ئەرستۆقراتێکی خانەدان بوو، وەلێ وازیهێنا لە جیاوگ و نازناو و ناونیشانی خۆی، هەوەها ئەو سەر بە ڕەچەڵەکی بەنێوبانگی فەرەنسا بوون وەلێ وازی لە ناو و پێشینەو و جیاوگەکانی هانی، هەروەها دژی چینی ئەرستۆقرات وەستاو بەچینێکی بێکار لە کارو وەستاوی زانین، لە خێزانێکی ئیماندارى تەواو سەربەرەوگەی کاسۆلیکیدا هاتە بوون، وەلێ پاپا بە بێباوەڕی ناساند، ئەو خوێنکاربوو، ئەندازیار بوو، خوێنکاری پۆلەتەکنیک بوو، دانراوەکانی فرە جیابوون لەو پرۆژە زانستییە عەمەلیانەی کە ئیشی لەسەر دەکردن. ڕەوتی سان سیمۆن لە زانستییەوە چووە بۆ ئایدیۆلۆژی و لەوێوە بۆ سیاسەت، لەبەرئەوە دەکرێت کارەکانی دابەشبکەین بەسێ

قۆناغ و کاتی جیاواز دیاریکراوەوە: قۆناغی یەکەم، بەقۆناغی فەلسەفەی ئەبستمۆلۆجی دادەنرێت.کە لەنێوان 1803 بۆ 1813 دەخایەنێت. قۆناغی دووەمیشی قۆناغی سیاسی و ئابوریيە، ئەم قۆناغە درێژدەبێتەوە لە 1814 بۆ 1823ـ1824. قۆناغی کۆتایی بریتییە لە قۆناغی ئایدیۆلۆجیای ئاینییە کە بریتییە لە کارەکانی کۆتایی ساڵی تەمەنی لە 1825 دا 3.ئەو لە دەستپێکی ژیانی نوسینیدا لەتەمەنی 42 ساڵیدا لەجنێف، دەستیدایە نوسین، لەوێدا ویستی نوێگەری بکات لە بیری مەوسوعییەکان و فەیلەسوفانی رۆشنگەریدا، ویستی قۆناغی شۆڕش بپەڕێنێت و لە وانەو ئەزمونەکانی شۆڕشەوە عەقڵی خۆی خستەگەر. سان سیمۆن بەتەواوی ئاوێتەی بیرێک بووبوو، هەموو تواناکانی وابەستەدەکرد بەزاناو پیشەوەرەکانەوە ئەو دەیوت ئەوان ژیان لەو بەرتەسکییە دەهێننەدەر، ژیان رۆچووە لە ئاهو نزولەی هەژاران و شکۆو لەخۆبایی بوونی ئەوانەی هێزیان لەدەستدایەو عەقڵیان نییە، پێویستە ژیان لەلای کەسێک جڵەوداربێت کە سودی هەبێت، سودمەندەکان ئەوانەن

بەهرەیان هەیەن ئەوانەن داهێنان دەکەن، زاناکان بایەخدارترن لەسیاسییەکان. ئەو پێیوایە هەڵکەوتووەکان وەک خۆرن مرۆڤایەتی رووناک دەکەنەوە. ئەو پێیوابوو گەورەترین شتێک کە بیرمەند پێویستە بیکات ئەوەیە، سەرلەنوێ سیستەمی ئەخلاقی دابرێژنەوەو سیستەمی ئاینی و سیاسی تۆکمە بکەن و ریفۆرمی تیابکەنن چ ون ئاین ناشارێتەوەو لەنێو ناچێت، بەڵام دەگۆڕێت و جڵەوی دەگیرێت و چاک دەکرێت. بەکورتی گەرەکی بوو نەزمی هزری مرۆڤ بکاتە سەروەرو سەردار، بەجۆرێک لە جۆرەکان هەموو رێگاکانی دەبرەوە سەر هزرو دەیەویست بە هزرەوە جڵەوی هەمو هەنگاوێک بگیرێت.

**شرۆڤەی مێژوو لەلای سان سیمۆن**

تایبەتمەندییەکانی ژیانی سان سیمۆن سەیرن، چون لە ژیانێکی ئەرستۆکراسییەوە دابەزی بۆ ئاستێک، کەوەک هەڵەچن لە چاپخانەیەکدا کاری دەکرد، هاوکات لەو گۆڕانەی ژیانی تایبەتی خۆیدا گۆڕانی مەزنیشی لەفەلسەفەی سیاسەت و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا ئەنجامدا.

چـون بۆچوونەکانی سـان سیمۆن لـەبواری تەفسیرو شرۆڤەی مێژوودا ەتوانن سەرنجی خوێنەر بۆ تێگەیشتن لەبەرهەمەکانی دیاری بکەن، ئەو پێیوایە روداوەکانی مێژوو دەربڕی رەوشی کۆمەڵگەو نەزم و ئاستی بیرکردنەوەی خەڵکەکەین4. هاوکات پێیوایە مێژوو لە تەنێ دیـاردەیـەکـەوە نـایـەتـە بـوون، بەڵکو مێژوو دەرهاویشتەی تەواوی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانە. لـە شـرۆڤـەی تەفسیری مـێـژوودا لای سان سیمۆن تێدەگەین، کە مێژوو تەفسیری واقیعی کۆمەڵگەکان دەکـات5. هاوکات سـان سیمۆن سەبارەت بە گەشەسەندنی مێژووی مرۆڤایەتی پێیوایە کە مێژوو بریتییە لە ململانێ، چوون ململانێ رێگە خۆشکەرە بۆ پێشکەوتن. کۆڵەران بۆ راسـتـکـردنـەوەی ئـەم بۆچوونە نموونەی گۆڕانکارییە خێراکانی ئەوروپای دەستپێکی رێنیسانس هـێـنـنـەوە، بۆنـمـوونـە لـە سـەدەی چـواردەوە ململانێ لەنێوان پیاوانی ئاینی و کەسانی رۆشنبیرو بیرمەندا دروست بووە6. ئەم کارلێکە لە ململانێکاندا لە سەدەی شازدەدا زەمینە سـازی بۆخۆشکراو رێگەی خۆشکرد

بۆ چڕبوونەوەی ململانێکان لەنێو کەنیسەی کاتۆلیکیدا، دیارە هەر ئەمەیش بوو یاریدەی بزووتنەوەی ریفۆرمی ئاینیدا لە ئەڵمانیاو دواتر لەتەواوی ئەوروپادا . هەر ئەو ململانێ بوو کە زەمینەی دەرکەوتنی پرۆتستانەکانی هێنایە ئاراوەو عەقڵی ئەوروپایان گۆڕی، هەر ئەو ململانێ بوو رەوگە جیاکانی زوینگلی و کالڤنییەکانی هەستانە سەرپێو درزیان بەسەدەکانی نێوەڕاست برد. سان سیمۆن دەڵێت بەڵێ ئەوەیە مێژوو، مێژوویەک کە ململانێکان لە چەقبەستوویی قوتاری دەکەن. دیارە هەندێک رەخنە لەم شرۆڤە مێژووییەی سان سیمۆن دەگرن، ئەوان پێیانوایە هەوێنی پێشکەوتنی مێژووی مرۆڤایەتی بریتی نییە لە ململانێکان بەڵکو بریتییە لەو رەگەزەی کە لەنێو تەرەفێکی ململانێکاندا جوڵە دروستدەکات، چوون ئەو رەگەزە نەبێت ململانێ دروستنابێت، کەواتە رەگەزی هزری و رۆشنبیریی لەنێو کایەیەکی کۆمەڵایەتیدا گۆڕان، پاشان ململانێ چێدەکات و هەر ئەوەیش دەبێتە سەرچاوەی پێشکەوتنی راستەوخۆو راستەقینەی مێژووی مرۆڤایەتی.7

## ڕێکخستن لەلای سان سیمۆن

ڕێکخستن لە بیری سانسیمۆندا شوێنێکی مەزنی هەیە، بەشێوەیەک کە یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی بەو ناوەوەیە، ئەو پێیوایە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێویستی بەنەزم و سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نوێیە، تاوەکو شوێنی سیستەمە کۆمەڵایەتییە کۆن و کلاسیکییەکان بگرێتەوە، سان سیمۆن پێیوایە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە کلاسیکییەکان مایەی سەرئێشەو بێسەرەو بەرەیی و وێرانکاریی ژینگەو ژیانی مرۆڤ بوون. ئەو بۆ ئەم پرسە دەگەڕێتەوە سەر بۆچوونەکان ی خۆی، کە ڕێبەری هزری ئەون، پێیوایە بەڕێوەبردنی کاروباری ئینسانی، پێویستە رادەستی دەستەیەک لە زانایان و هونەرمەندان بکرێت.8 پێویستیشە سیستەم لەسەر بنەمای زانست دابڕێژرێت. ناوبراو لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا لەگەڵ ئەوە نیە کە چینایەتی هەڵبوەشێتەوە، بەڵکو پێیوایە کە پێویستە لە کۆمەڵگەدا چینایەتی هەبێت، بەڵام چینە باڵاکان لەسەر بنەمای زانیاری و زانست بن، ئەوانەی لەباڵادان ئەوانە نەبن، کە ئاین و سەروەت و سامان و هێزیان فرەیە، بەڵکو ئەوانە بن کە

زانستیالن فرەیەو زۆرترین کاریگەری و سودیان بۆ کۆمەڵگە هەیە. هاوکات پێیوایە کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە گرنگترین پایەکانی ئەو کۆمەڵگە نوێیەن، کە ئەو گەرەکییەتی. سان سیمۆن پێیوایە کە زاناکان و پیشەوەرەکان بریتین لە پایە گرنگەکانی کۆمەڵگەی نوێ. سان سیمۆن لەم شرۆڤەیەیدا پێی وابوو کە کەسانی بەهرەدار و تێەیشتوو پێویستە جڵەوی پەرلەمانیان لە دەستدا بێت، پەرلەمانیش دەبێت خۆی لە سێ ئەنجومەندا ببینێتەوە کە ئەوانیش: ئەنجومەنی داهێنەران، ئەنجومەنی کۆڵەرانن ئەنجومەنی جێبەجێکارانن. هاوکات پێی وابوو دەستەی دەسەڵات دەستەی نەخشە داڕێژەرو پلاندانەری باڵای وڵاتە، کە پێویستە ژیانی ئابوری ملکەچی پلاندانان بێت لەنێو کۆمەڵگەی نوێدا، چوون بە پلان برسیەتی و پشێوی و هەژاری لەنێو دەچێت.بۆ پێشکەوتنی ژیانیش دەبێت برەو بە داهێنان و بەهرەو و توانای تاکەکان بدرێت. ئەو پێیوایە بۆ زاڵبوون بەسەر هەژاری وناکۆکی کۆمەڵایەتی دەبێت ئەو پرۆژە سەرکەوتووبێت، کە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای هۆش و زانست جودابکرێنەوە لەم

کاتەدا هەموو چینەکان سودمەند دەبن. چوون لە رەوشی پشێوی دا هەژارەکان لەبرسا دەمرن و دەپوکێنەوەو زەنگینەکانیش عەزابی ویژدانیان ناهێڵن ئارامبن، بەڵام وەختێک وانەبێت هەمووان ئاسودەن. ئەو پێیوایە بناغەی ئەم سیستەمە نوێیەو ئەم کۆمەڵگە نوێیە بریتییە لە هزرو ئەندێشە.9

**دارشتنەوەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی ئەوروپا**

ناپلیۆن پۆناپەرت، بەچی دەیەویست دنیایەکی نوێ چێبکات، ئەو هەمیشە بەتەنیشت سێبەرو سەهەندی سان سیمۆنەوە بوو. ساڵی 1804 پەرتوکە نوێیەکەی سیمۆن لەتەمەنی 44 ساڵیدا ویستی نەخشەی ئەوروپاو جیهان بگۆڕێت، فراوانخوازیەکانی ناپلیۆن لەو بناغەیەوە دەستیان پێکرد. نەتەوەکان لەو پەرتوکەوە راچەنین و خەڵک هەستی کر وەک خانەدان و پاشاو پیاوانی ئاینی مافی ژیانیان هەیە، ئەوەی سان سیمۆن کردی، ناپلیۆنی خستە سەر نەخشە رێیەکی نوێ. سیمۆن تەنها لەماوەی شۆڕشدا بەکار نەبوو، بەڵکو لەپاش شۆرشیش بووە ئیلهام بەخشی شۆڕشەکانی 1830 تەواوی ئەوروپاو

1848ی فەرەنساو هەموو ئەوروپا. ئەو بیری سۆسیالیزمی نوێی هێنایە گۆڕی و دامەزرێنەری چەمکی سۆشیالیزم بوو. سۆشیالیزمی تۆباوی. سیمۆن پێی وابوو سەردەمی زێڕین لە رابردووی مرۆڤدا رووینەداوە، بەڵکو سەردەمی زێرین لەبەردەماندایەو وەستاوە لەسەر ئەو چاکسازییانەی کە پێویستن لەسیستەمی کۆمەڵایەتیدا بێنە پێشێ. ئەو سەردەمە باپیرانمان نەیاندی، بەڵام لەسەر ئێمەیە درِ بەرِێگەکە بدەین تا نەوەکانمان ببینن.10 ئەو وتانە نوسینێکی نێو کتێبی لە دارِشتنەوەی رێکخستنی کۆمەڵی ئەوروپادا نوسرابوو کە سان سیمۆن 1804 نوسیویەتی، بەڵام تەواوی هەژمونی خۆرئاوا و نەریتخوازەکان لە کۆنگرەی ڤییەنای 1810 تموحەکانی ناپلیۆنیان بۆ دنیای نوێ و بۆ دیموکراسی و بۆ نوێگەری کوشت، ئیتر پیاوەکانی وەک میتەرنیخ و ئەلیکسەندەری یەکەم لە نەمساو روسیا بوونە حاکمی دونیا11. ئەوان بەندوباوەکانی پێش شۆرشی فەرِەنسیان زیندوو کردەوە. ئەو نوسینە وەک وەسیەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی وەهابوو کە لە زاری

پێنوسی سانسیمۆنەوە هاتە دەرێ و بوە بناغەی تەواوی جوڵانەوەکان ، ئەو جوڵانەوانەی کە بەرامەی مرۆڤبوون و پێشکەوتنیان لێدەچۆڕێت. سان سیمۆن کە ئەوروپای جودا کردووەتەوە وەکو ئەوەی هەندێک بە چاوی دابەشکاری جوگرافی نێوی دەبەن، مەبەستی ئەو چوارچێوەیە بووە، کە هۆش و بیر تێیدا زیندو بوو، ئەو شوێنە بوو، کە دەبوو ببێتە پێشەنگی جیهان نەک دابڕینی. تەنانەت هەندێک لە کۆڵەران بناغەی یەکێتی ئەوروپا دەگەڕێننەوە بۆ ئەو تیۆرەی سان سیمۆن کە ئەوروپای لەسەر بنەمای پێشکەوتن جودا کردووەتەوە. چوون هەر لە ناونیشانی لاوەکی کتێبەکەیدا هاتووە پێویستە هەموو گەلانی ئەوروپا لەپێکهاتەیەکی سیاسی یەکگرتوودا کۆبنەوەو هەمو گەلێکیش پارێزگاری سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆی بکات. کۆڵەران پێیانوایە سان سیمۆن کەسێکی تەنها تیۆری نەبووە، بەڵکو بەشێوەی پراکتیک لە مەیدانەکەدا بووە. ئەوان رەخنە لەو نوسینەی دەگرنن چوون خودی سان سیمۆن هاوڕا لەگەڵ چەند زانایەکی تر یاوەری ناپلیۆن بوون، بەتایبەتی لە

داگیرکاری میسردا، کاتێک ئەو دێتە میسر، ئیدی چلۆن باسی پێکهاتەی ئەوروپا دەکاتن کەواتە مەبەستیان تەنها یەکیەتییەکی پێشکەوتوو خواز نەبووە، بەڵکو ئەوان دەڵێن دەبوو سان سیمۆن کتێبەکەی بۆ ئەوروپا نەبوایە بەڵکو بۆ گەلانی ونیا بووایە، دەبوو باڵایی ئەوێی بەسەر شوێنانی دی نەدایە، بەڵام دیسانەوە شتانێکی دی دێنە گۆڕێ ئەوانیش ئەو وروژاندنەی سان سیمۆنە کە لەسەروی زانستەوە و لەسەرو ی هۆشەوە بیری پیشەسازی دەکاتەوە مەرجەعی پێشکەوتنی گەلان لە نێو تیۆرو پراکتیکیدا.12

**شوناسی ئاین لای سان سیمۆن**

روانگەی سان سیمۆن لەهەمبەر ئاین روانگەیەکی قووڵ و دیاریکراوە، ئەو تەواوی بۆچونەکانی لە پەرتوکی مەسیحییەتی نویێ دا شرۆڤە کردووە، پێیوایە ئاین کۆی بەڕێوەچوون و جێبەجێکردنی زانستێکی گشتییە کە بەهۆیەوە پیاوانی رۆشنگەرو روناکبیر دەتوانن فەرمانڕەوایی ئەوانی دی بکەن. ئەو پێیوایە دەبێت ئاین ئامڕازێکی مەدەنی بێت بۆ حوکمی

رۆشنبیران بەسەر ئەوانەی کە نەخۆنەوارو نا رۆشنبیرن. هاوکات دەڵێت ئاین رۆڵی گەورە لە پەروەردەدا دەگێڕێت، پەروەردەیش رەگەزێکی سەرەکی سازانی دیموکراسی و بەجێگەیاندنی بەها باڵاکانی دیموکراسییە. روانگەی سان سیمۆن بۆ ئاین لەهەمبەر تێکەڵبوونی بە ژیانی کۆمەڵایەتی روانگەی بەکارهێنانی ئاینە وەکو ئامرازێک، ئەم ئامرازبوونەیش بۆ کۆی ئاینەکانە بە گشتی، لەبەر ئەوە پێوەرە گشتییەکانی سان سیمۆن پێوەرگەلێکە، سەبارەت بە کۆی ئاینەکان یەک شتە، هەربۆیە هەوادارانی ئیسلام و بیرمەندانی ئەو بوارە پێیانوایە کە پرۆژەیەکی سیاسی تێکەڵە بە شێواندنی پەیامەکەیان. ئەوان پێیانوایە وابەستەییەک لەنێوان ماسینۆنو ماسۆنییەتدا هەیە، پێیانوایە خوێندنی پەرتوکەکانی سان سیمۆن لە زانکۆ ئیسلامییەکاندا، وەکو زانستی کۆمەڵناسی وابەستەیی ماسۆنییەتە بە زانستی کۆمەڵناسییەوە. 13

سان سیمۆن هەر لەزاڕۆییەوە گەرەکی بوو، لە کۆتو بەندی ئاین وخێزان بێتەدەرێ. بابی دەینێرێتە دێری سان لازار، وەلێ ئەو زیندان

هەڵدەبژێرێت نەوەکو لە دێرێکدا زانیارییەکانی مەسیحییەت بخوێنێت. سان سیمۆن بۆخۆی وەک بناغەدانەری زانستی کۆمەڵناسی، کە دیسانەوە وابەستەی دەکەنەوە بە کۆمۆنیزمەوە، تەنانەت بیری رادیکاڵی سۆسیالیستیش وابەستە دەکەنەوە بە سان سیمۆنەوە، کە تەواوی سەرچاوەکانی بیری مارکس و کۆنت لە سانسیمۆنەوە هەڵهێنجراوە بەتایبەتی لەو رەهەندەوە کە قسە لەسەر زانستی کۆمەڵناسی دەکەن لە زەمینەی ئایندا. بەتایبەتی مارکس لە کتێبی ئابوری سیاسی و فەلسەفەدا هەموو تیۆرەکانی سان سیمۆن لەسەر زانستیمرۆڤایەتی دادەرێژێتەوە. سان سیمۆن پێیوایە ئاین لە رەوشێکی جێگیردا نییەو هەر ئاینێک بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، ئەو پێیوایە ئاینیش وەک بنیادێکی بایەلۆجی بە قۆناغی زارۆیدا تێدەپەڕێت، پاشان قۆناغی هێزو چالاکی دەبینێت و دواتر بەرو قۆناغی داڕوخان و توانەوە رووبەڕوو دەبێتەوە. ئەو ئەڵێت ئاین لە قۆناغی زارۆییدا بەس نییەو لە قۆناغێکیشدا کە دەڕوخێت ئەوە زیان و زەرەری فرەیە. ئەو ئاین بە دیاردەیەکی کۆمەلایەتی و مرۆیی

دەبینێت، هەربۆیە شرۆڤەی ئاینیش وەکو هەر دیاردەیەکی دیکە دەکات. تەناندێک سان سیمۆن بە دامەزرێنەری زانست کۆمەڵناسی ئاینی دەبینن. ئەو وەکو ئیبن خەلوون چۆن خولی شارستانییەکان شرۆڤە دەکات بەو جۆرەیش خولی ئاینی لە دەستپێک و هێزو لەناوچووندا باسکردووە، هەربۆیە لە شرۆڤەکانیشدا ئاینی لە هەموو بەهایەکی پیرۆزکراو داماڵیوەو وەکو پڕەنسیپێکی دانراو لێی دەڕوانێت.

ئەوان وابەستەیی سۆشیالیزم و تەنانەت پێشەکی مانیفێستی کۆمۆنیزم بە هەڵهێنجانی بیری سان سیمۆن دەزانن. کردنی ئاین بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، پاشان تێپەڕاندنی جۆرێکە لەو میکنیزمەی، کە پیرۆزییەکانی وەک شتێکی نۆرماڵ نومایان کردووە، تەنانەت وەک ئامرازێکیش جڵەوگیریی کردوون. بیرمەندان پێیانوایە ئەو ئاڵنگارییەی سان سیمۆن نەبووایە بەرووی ئایندا ئاسان نەبوو جیهانبینی و خووی مرۆڤایەتی بە ئاینەوە بەو سانایییە هەڵبکەنرێت.14

سان سیمۆن لەچوارچێوەی تەواوی دانراوەکانیدا جەختکردووەتەوە لەسەر ئەوەی،

کە بەڵێ ئاین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. تەواوی پەرتوکەکانی سان سیمۆن بریتین لە:

1. پەیامەکانی یەکێک لە دانیشتوانی جنێف بۆ هاوسەردەمەکانی خۆی1804، کۆڵینەوە لەبارەی زانستی مرۆڤ( 1813ـ1816)، کۆڵینەوە کەمەندکێشکردنی گشتیدا(1821) سیستەمی عەقڵی(1821)، زانیارییەکانی پیشەسازی(1823)، مەسیحییەتی نوێ(1825)، دیارە ئەوە دووایین پەرتوکی بوو، هەر لەو ساڵەیشدا ئیدیماڵئاوایی لە ژیان کرد15.

بەکورتی سان سیمۆن خۆی بە یەکێک لە میراتگرەکانی سوقرات دەزانی و بەیەکێک لە مەشخەڵگرانی ڕێگەی لۆژیک و عەقڵ بانگەشەکانی خۆی چڕکردبوویەوە، هاوکات کاریگەرترین ریفۆرمیستی کۆمەڵایەتی و مەزنترین فەیلەسوفی، کاریگەر بووە بەسەر تەواوی ئەوانەدا، کە تیۆرەکانیان جیهانی بەرەو وەرچەرخان بردووە. بەتایبەتی لەو سەرنجەوە کە وەکو ئەفلاتۆن پێیوابوو کە پێویست نییە حوکم لە دەستی ئەرستۆقراتەکاندا بێت، بەڵکو پێویستە لەدەستی ژیرو زاناکاندا بێت. هاوکات

ئەو هەڵگری بیری بە پیشەسازیبوونی دەوڵەت بوو، لەو میانەدا جەختی لەسەر هەماهەنگی دەکردەوە، پێی وابوو لە وڵاتێکی وادا هەژارەکان ئاسودەن. سان سیمۆن لەگەڵ لۆژیک بوونیدا مرۆڤێکی ئیمانداربوو، ئەو لەکتێبی مەسیحییەتی نوێدا دروست وەکو مارتن لۆسەر هەڵگری ریفۆرمێکی مەزن بوو، تەنانەت وەختێکیش مرد لە حەوشەی دێرێکدا نێژراو مەزارگەی بۆکرایەوەو بە پۆشاکی سپی و سورو شینەوە نێژرا. سپی هێمای خۆشەویستی و سوریش هێمای کارو شینیش هێمای باوەڕە ئاینییەکەی بوو. سان سیمۆن لە ئەوروپادا قوتابخانەیەکە ، قوتابخانەیەکی کە سان سیمۆنییەکانی لێ هاتووەتە بەرهەم نە تەنها لە ئەورپادا، بەڵکو لەنێو وڵاتانی ئیسلامی و رۆژهەڵاتیشدا، ئەو بە کوڕی شەرعی شۆڕشی فەرەنسی دەزانن بە هەنگاوی نێوان سەدەی هەژدەو نۆزدە دەیچوێنن هەنگاوێک کە تێیدا زانستە کۆمەڵایەتیەکان شێوەی خۆیگرت و هەنگاوی دووەمیش لەسەدەی نۆزدەدا بوویە سەردەمی ئایدیۆلۆژیا مەزنەکان. ئەو میراتگری ئەو زانستانە بوو، کە لەدوای شۆڕشی فەرەنسی

پێشکەوتن لەوانە زانستەکانی ئەندازیاری و پزیشکی و ئابوری وسیاسەت. هاوکات بوویە پایەیەکی مەحکەمی فەلسەفە بۆ سەردەمی ئێستەمان. لە هەناوی فەلسەفەکەی سان سیمۆندا چەند رەوتێک هاتوونەتە دەرێ، بەتایبەتی رەوتی ئۆگەست کۆنتی کە بۆ حەوت ساڵان خوێنکاری خۆی بوو، هاوکات رەوتی سۆسیالیزمی تۆباوی، یان خەیاڵی، کە هەریەک لە کارل مارکس و برۆدۆن لەژێر کاریگەری و هەژموونی ئەودا بوون. رەوتی سێهەمیش سەربەدۆرکایم بوون، کە بەتەواوی لەژێر کاریگەری سان سیمۆندا بوو، بەجۆرێک هیچ دڕدۆنگ نەبوو کە بە دیکارتی بچوێنێت. چواەم رەوتیش رەوتی سان سیمۆنی بوون.16

**لێکچواندنەکانی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان وسیاسەت**

پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، یاخود خودی کۆمەڵگە وەکو جەستەیەکی تاکەکەس دەچوێنێت، ئەو دەڵێت کۆمەڵگە وەکو تاکێک پێکهاتووە لە چەند ئەندامێکی لێکئاڵۆزو

پێکەوەبەستراو بەیەکترییەوەو هەریەکەیان بەکارێکی جیاواز تەواوکەری کاری ئەوی دیکەیانە. وەلێ سان سیمۆن لەهەمبەر پرسی سیاسەتدا پێیوایە کە بیری سیاسی ئاتاجی بە ریفۆرمە، ریفۆرمیش لەروانگەی سان سیمۆندا شتێک بوو دوور بوو لە چەمکی شۆڕشەوە. لێرەدا نموونەی شۆڕشی فەرەنسی دەهێنێتەوە، ئەو پێی واوە شۆڕشەکە بەهۆی هلومەرجی تێکەڵاوبوونی بە توندوتیژییەوە شۆڕشێکی تەواو نەبوو. بەتایبەتی لە قۆناغی دووەمی شۆڕشەکەدا، بەڵکو ئەو شۆڕشە کاتێک تەواو دەبێت بە ریفۆرم رێنوێنی بکرێت، تاوەکو کۆتا بە سیستەمی کۆمەڵایەتی باو و زاڵ بهێنرێت و سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نوێ لە شوێنیدا رەگ دابکوتێت. کە بناغەکانی سیستەمێکی پیشەسازی بن.ئەو بۆ رەوشی رۆشنگەری پێیوابوو پێویستە سیستەمێکی سیاسی گونجاو بۆ رەوشی رۆشنگەری بێتە دی. ئەو پێیوابوو فەلسەفەی سەدەی رابردوو فەلسەفەی شۆڕش بوون، وەلێ پێویستە ئەو قۆناغە تێپەڕێنرێت، چوون لەئێستادا کەمەبەستی سەدەی نۆزدە

بوو، فەلسەفەی بونیادنان و ڕێکخستن ڕۆڵ دەبینێت، نەک فەلسەفەی شۆڕشگێڕی کە ئەگەرەکانی توندو تیژیی هەمیشە لەنێو شۆڕشدا ئەگەری بەرچاو و زیندوون. ئەو دەیوت فەلسەفەی رابردوو لێکهە□وەشانەوە بوو، بەڵکو دەبێت ئێستە فەلسەفە تەرکیبی بێت. لەراستیدا لێکهەڵوەشانەوەی بیروباوەڕە کۆنەکان شتێکی پێویست بوو، بەلام لەپاش لێکهەڵوەشانەوە کات کاتی بونیاد نانە. ئەوەی لەسیاسەتدا دەبێت دوورە پەرێز بێت بریتییە لە ستەم و چەوسانەوە لەلایەکو دورەپەرێزی لە ئاژاوەو پشێوی لەلایەکیترەوە.17

**ئابوری سیاسی لای سان سیمۆن**

سان سیمۆن پێشەنگی ئابوری سیاسییە وەکو زانستێک، هاوکات ئەو جەخت لە فاکتەری سیاسی دەکاتەوە لە زانستی پیشەسازیدا. سان سیمۆن رێگەی لەبەردم ئابوری سیاسیدا کردەوە، لێرەوە بوویە پێشەنگی سۆشیالیزمی زانستی. شرۆڤەی ئەم کارانەی سان سیمۆن بەم وردەکارییانەی لای خوارێ روونکراونەتەوە:

سـان سیمۆن پرەنسیپی دەستـیـوەردانـی دەوڵـەتـی لە ژیانـدا بـرەو پێدا، لـێرەدا تـەواوی بانگەشەکانی لەدەوڵەتدا یەکلاکردبوونەوە بۆ گرنگیدان بە پیشەسازیی. لە نەزمی دەوڵەتداریدا ژیانی پەرلەمانی بەگرنگ دەزانـی و پێیوابوو پێویست لەسێ ئەنجومەندا خـۆی ببینێتەوە، ئەوانیش ئەنجومەنەکانی داهـێـنـان، پشکنین، جێبەجێکردن بـوون، هـەروەهـا پـێـیـوابـوو لە حکومەتدا پێویستە دەستەکان لە کەرتەکانی پیشەسازی و ئەندازیاری و بازرگانی و کشتوکاڵ نوێنەریان هەبێت.

تـیـۆرە ئـابـوری وسیـاسییەکـانی سان سیمۆن لەنێو سـان سیمۆنییەکاندا، یاخود شوێنکەوتووەکانیدا پرۆژەی کردارەکیان پێبووە کە ویستویانە ڕەورەوەی ژیان بگۆڕن. بۆنموونە فردیناند دی لیبس یەکێک بوو لەو ئەندازیارە سان سیمۆنیانەی کە نۆکەندی سوێی سەرپەرستی کرد. بڕاوی سان سیمۆنییەکان بەگشتی بڕوایەکە خۆی لە سۆشیالیزمدا دەبینێتەوە، کە بەهەمو شێوەیەک میرات دەداتـە دوواوە. ئـەو پێیوایە پێویستە سامان لەپاش مـەرگی خاوەنەکەی

نەبەستریێت بە خێزان و خانەوادەوە، بەڵکو پێویستە خاوەندارییەکەی بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت.

سان سیمۆن بەهەموو زانیارییەکانیەوە وەک پێشەنگی سۆشیالیستیە خەیاڵییەکان، توانیویەتی نەخشی خۆی لەنێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دەستنیشانبکات.ئەو لەگەڵ ئەوەی دارای ئەتواری پڕسەیرو سەمەرە بوو، بەڵکو لەکاتی ئێستادا شیمانەکانی لەهەمبەر یەکێتی ئەوروپا بەتەواوەتی هاتبوونە دی. هاوکات لەهەمبەر ئایندا تیۆرەکانی تەنها تیریێکن، کە توانیویانە ئاین جڵەوگیربکەنن ئەو زۆر لۆژیکی مامەڵەی لەتەک ئایندا کردووە. سەلماندوویەتی ئاین نابێتە شۆڕش و ناتوانێت بەڵێنەکانی بۆ خەڵکی هەژار دەستەبەربکات. ئەو لەهەمبەر هێنانە پێشەوەی لێشاوی مادییەت لەیەکێتی ئەوروپادا نەخشی مەزنی هەبوو، مادییەتێک کە دەرهاویشتەکانی لە سەراپاگیربوونی پیشەسازی و مۆدێرنەوە هەڵتۆقی. ئیدی لەم تیۆرانەیدا دژی هەموو میسالییەتێکی ئەڵمانییەکان وەستایەوەو بروای بە حەتمییەتی مادی هەبوو. ئەو پێی وابوو کە پێویستە مێژوو ڕۆڵی لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا

هەبێت. ئەو پێیوایە سیستەمی کۆمەڵایەتی هەنگاوێکە بۆ پێشەوەو هێزی بزوێنەری ئەو سیستەمەیش بریتییە لە ماریفەو ئەخلاق و ئاین.18

**قۆناغەکانی مێژوو**

لەلای سان سیمۆن مێژوو بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت. قۆناغەکانیش بریتین لە قۆناغی لاهوتی، لاهوتی لە مەبەستی سان سیمۆندا بریتییە لە هەژموون و دەسەڵاتی ئاین و پیاوانی ئاینی. قۆناغی دووەم بریتییە لە میتافیزیکییەت، واتا سیستەمی فیودالّی و دەرەبەگایەتی، یان دەسەڵاتی بازرگان و سەربازەکان. قۆناغی سێهەمیش بریتیە لە وەزعییەت. سیستەمێکی کۆمەڵایەتی پشتبەستوو بە زانست ، واتا فەرمانڕەوایی زاناکان.

**خستنە رووی گرنگترین پەیامەکانی سانسیمۆن بۆ مرۆڤایەتی**

یەکەم: پێگریکردنی سەخت لەسەر ئەوەی، کە ئاین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو هەوڵدان بۆ

ئەوەی لە چوارچێوەی نەریتی پیرۆزی و بەپیرۆز زانین بهێنرێە دەرەوە. بۆ ئەمەیش ریفۆرم لە ئایندا نەک سڕینەوە بوونە هەوێنی تەواوی تیۆرەکانی.

دووەم: ئاین بکرێتە ئامڕازێک و لەوێوە رۆشنبیران جڵەوی بگرن و ببنە فاکتەرێک تا فەرمانبەرداری خەڵکانی نەزان بن.

سێهەم: وادەبیینی کە ئاین تەگەرەیەکەو خۆی لەنێو بۆشاییەکانی ئەقڵدا شوێندەکاتەوە.

چوارەم: وایدەبینی کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەواتای ئازادی دێت کە هەڵدەستێت بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و لەوێوە ئاین لە ژیانی کۆمەڵایەتی دوور دەخاتەوە.

پێنجەم: پێیوایە کە هەوێنی پێشکەوتن خۆی لە سێ شتدا دەبینێتەوە، کە بریتین لە بەرهەم و تەکنەلۆژیاو پیشەسازی.

شەشەم: دەستە گرنگەکانی کۆمەڵگە لە روانگەی سان سیمۆندا، یان لە کۆمەڵگەی سانسیمۆنیدا بریتین لە زاناکان، پیشەوەرەکان، خاوەن موڵک وماڵەکان، هونەرمەن و کۆڵەرەکان.

سان سیمۆن لە وەختی خۆیدا بە خانەدانە موفلیسەکە دەناسرا، ئەو کاتێک هاتە نێو مەیدانی

هـزرەوە کە بـەتـەواوی بۆچوونە خەیاڵیەکانی شاری خەون و شاری باڵاو نموونەیی فارابی لە خەمو خەمنی تەواوی بیرمەندان بوو، بەڵام ئەو لەگەڵ خەونەکانیدا کە بە فیردەوسی دەچواند ئیرادەو خواستێکی زانستی و پراکتیکیشی هەبوو، بەپراکتیک رووبەڕووی خەونەکان دەبوویەوە.19

**وەرچەرخان لە سان سیمۆنەوە**

چـاودێـرانـی بــواری فـەلـسـەفـە گـەلـێ لـەو شوێنپێیانەی هـزری سـان سـیـمۆن لـەسـەر رەوگەی مرۆڤایەتی هەڵدەگرن، ئەوان پێیانوایە لە چەندین رەهەندەوە سان سیمۆن سەرمەشق بوو. چوون لەرووی هزرەوە توانی ورچەرخان دروسـتـبـکـات، وەرچـەرخـانـێـک مـرۆڤـایـەتـی لە دوو سـەدەی رابــردوودا بـەتـەواوی دەستی گرتووە بە هـزرو بیرو بۆچوونەکانی ئـەوەوە. گرنگترین دەستاوردێک لە ژیانی پێشبینیکراوی سان سیمۆندا هاتووەتە دی. ئەویش خۆی لە تۆکمەکردنی پایەکانی دیموکراسی ولیبراڵی و سیکۆلارییەتدا دەبینێتەوەز زاناکان پێیانوایە هیچ کات کەسێک نییە هێندەی سان سیمۆن کاری لە

سەپاندن، یاخود شوێنکردنەوەی سیکۆلارییەتدا بینێتەوە لە نێو هزری مرۆڤایەتیدا. سان سیمۆن بووەتە هەوێن بۆ ئەم پرسە زیندووانەی خوارەوە:

**یەکەم:** سۆشیالیزم: بناغەی سۆشیالیزم لە شۆرشەکانی فەرەنسای 1830 و دواتر لە شۆڕشی 1848ن پاشتریش لە شۆرشە کۆمۆنیستییەکانی 1917 وهەمووئەوشۆرشانەی کۆمۆنیستەکان لە ئەورپا دەیانکرد بە تایبەتی شۆرشی خوێنکارانی فەرەنسا لە شەستەکاندا، یاخود بتەوبوونی سۆشیالیزمی زانستی لە ئەورپا تاوەکو ئێستا بیەتەواوی بە خاڵیکردنەوی بیری سان سیمۆن، تێیاندا بەدڵنیاییەوە روویان نەدەدا. سان سیمۆن نەبوایە مارکس نەدەبوو، مارکس نەبووایە سۆشیالیزم نەدەبوو، یاخود زانستی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی نەیدەتوانی زانستێکی سەرراست وئازاد بێت ، سان سیمۆن نەبووایە نەریتخوازی بەبەهاترین دروشمی مرۆڤ دەبوون، یاخود مرۆڤ گیرۆدەی بەهاکانی ئاین دەبوو، پیرۆزییەکانیش وەک خۆیان دەمانەوە. لەم بارەیەوە بۆچونێکی دی زۆر لە جێی خۆیدایە کە هەمیشە کۆمۆنیستەکان جەختی لەسەر

دەکەنـەوە، ئەویش ئەو بۆچوونانەیە کە وەکو سیحرێکی سان سیمۆنی لە چینەکانی کۆمەڵگە کراوە، ئەوان پێیانوایە واقیعی چینایەتی تەنها بە سیحری سان سیمۆن درزی تێکەوت ، ئەو مانا کلاسیکییەکەی چینایەتی گۆڕی، زاتی دەستبردن بۆ یەکسانی تەنها سان سیمۆن شکاندی.

**دووەم:** مرۆڤایەتی قـەرزاری سان سیمۆنە بەوەی ئاینی لە سیاسەت دابڕی ، تەنانەت نەک کۆمەڵگەی لە ئاین دابڕاند، نەک دەوڵەتی کردە بازنەیەکی جیا لە بازنەی ئاین، بەڵکو ئەو خودای لە دەوڵـەت جیاکردەوە، جودا کردنەوەی خودا لـەدەوڵـەت، کاڵکردنەوەی بارستایی ئاینەکان بوو کە کۆمەڵگەیەکی چێکرد بتوانن مرۆڤە بیر جیاوازەکان پێکەوە بژین. سان سیمۆن دەیوت، هەمو هەڵگری ئاینێک ناتوانێت لەگەڵ ئابینداریێکی دیکەدا بژی. ئەو کەسەی باوەڕی بە پیرۆزییەکان هەبێت ناتوانێت لەگەڵ ئاینێکی دیکەدا بژی کە دیسان باوەڕی بە پرۆزییەکان هەبێت، هەروەکو چۆن لە ئـەورپـادا نمونەی واهـەیـە، هەروەکو چۆن هەوێنی ئاینەکان و مەزهەبە جیاوازەکان بوونە مایەی دابرانی ئەورپا لەیەکتری، هەروەکو

چۆن لە نێو کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا ئاینەکانی دی ناخوێنرلایێنەوە، بەڵام مرۆڤی ئایندار کاتێک دەتوانێت لەگەڵ ئایندارەکەی دیدا بژی کە بەهیچ جۆرێک بـاوەڕی بە خورافیات و بە پیرۆزی و بەشتێکەوە نەبێت، کە لەسەرووی مرۆڤ و عەقڵەوە بێت. ئەو دەیوت دەبێت ئاین یەکسانبکرێت بە عەقڵ، ئەو شتانەی کە عەقڵ دەیداتە دوواوە دەبێت ئاینیش بیداتە دوواوە. ئەم پرۆژەیەی سـان سیمۆن دروستبوو کە زەحمەتە، بەڵام بووە بەردی بناغە. سان سیمۆن نەبوایە تاکی ئەوروپی نەیدەتوانی لەبەردەم ئایندا خەمسارد بێت. سان سیمۆن هەڵگری پرۆژەی خەمساردی بـوو لەهەمبەر ئـایـنـدا. بـە گـوێـرەی نوسـەرە سیکۆلاریستە عەرەبەکانی دونیای ئیسلام، ئەوەی ئەورپای پێشخست ئازایەتی بیری ئەورپییەکان نەبوو، لە ئەورپادا تاکەکەس رۆڵی بینی، ئەوان پێشەنگیان هەبوو، پێشەنگەکانیان دیارترینیان بریتییە لە سـان سیمۆن. بە پێچەوانەیشەوە. هەندێک لە بیرمەندی ئیسلامی سـان سیمۆن تۆمەتباردەکەن بە کەسێکی ماسۆنی، چەندین بەڵگە دەهێننەوە کە وابەستە بووە بەو تەڤگەرە

نێو نەتەوەییەوە، چەند سەرەداوێکی نێزیکی ئەو بە جووەکانەوە دەهێننەوە. بەڵام هەموو ئەوانە دەکرێت بەڵگەی لاواز بن، بەڵگەی بەهێز لەم میانەدا دەرهاویشتەی کارەکانیەتی کە پایەکانی ئاینی مرۆڤانەی لاواز کردووەز سان سیمۆن دەیوت ئاین هی خوایەو مرۆڤ ناتوانێت ئاین بەکامی بەرژەوەندییەکانی بسازێنێت. ئەو ئاینی دایەوە بەخوداو زیادو کەمییەکانی ئاینی لە مرۆڤ سەندەوە، ئەو دەیوت ئاین خوا ئاراستەی دەکات نەک مرۆڤ، هەر ئەمەیش بوو وایکرد کە بەشێک لە ئاینییەکان ئەویان بە باوەڕداری راستەقینە دەزانی. هەندێک لە سیاسەتوانە ئاینییەکانی دونیای ئیسلام، تیۆرەکانی سان سیمۆن لەبەرامبەر ئایندا وا شرۆڤە دەکەن کە سان سیمۆن بۆخۆی باوەڕێکی سازاوی لەتەک جووەکان هەبووە. لەبەر ئەوەی جووەکان کەمینە بوونن بوونی رۆڵی ئاین لەبەرژەوەندی واندا نەبووە, بۆیە جەختیان لە پشتیوانی سان سیمۆنکردەوە تا ئاین سەراپای رامالێت، بەمەیش کەمترینی ئەو ئایندارانەی کە زیانیان بەردەکەوت جوەکان بوون.20

**سێهەم:** پێدانی مافی تەواو هاوکات دەسەڵاتی تەواوی جڵەگیرکردنی مرۆڤایەتی پێویست بوو لەلای زاناکان بێت ئەو فەلسەفەی سودگەیاندنی کردبووە مەرجی پێشکەوتن، هەموو چینەکانی هەڵسەنگاندبوو. سەدان ساڵ بوونی پیاوانی ئاینی لەسەردەمی لویسەکان هەڵسەنگاند، جگە لە زیان هیچی نەدی، بەڵام نموونەی زاناکانی دەهێنایەوە و پۆلێنی کردبوو چۆن سودیان بە مرۆڤ گەیاندووە. لەم پێناوەدا بایەخی زانستی بەرز راگرت، پێی وابوو بەرجەستەترین شتێک کە پێویستە بۆ کۆمەڵگە هەبێت زاناکانن ئەوانەن بەهرەمەندن. ئەو بەژمارە نموونەی ئەوانی دەهێنایەوە کیمیاگەرەکان، فیزیاییەکان، ئەندازیاران، پزیشکەکان، هەموو ئەوانە پێویست بوو هەبن، پێویست بوو لەنێو دەوڵەتدا حکومەتێکی تەکنۆکرات پێکەوە نێن، لەبەرئەوە بوونی ئەوان بونێکی لەجێخۆیدایە. ئەم بۆچوونەی سان سیمۆن بۆچونێکی سوقراتی بوو، ئەو دەمانەی سوقراتیش پێی وابوو ئەم زانایانە دەتوانن رۆڵیان هەبێت، ئەو دەیوت دروستکردنی پردێک لەلای ئەندازیارە و ئەبێت ئەوان بڕیار لە

دروستکردنی بدەن، چارەی نەخۆشێک لەلای پزیشکەو سازگارکردنەوەی ئاوێک کیمیازانێک دەیزانێت، لەبەرامبەردا گوتارێک هەبوو کە دەیوت وتاربێژان ئەم بڕیارە دەبێت بدەن. وتاربێژان بە سیاسەتی چاوبەست و شێواندنی وێنەکانی لە پێشچاوی خەڵکی دەتوانن کۆمەڵگە جڵەو گیر بکەن. سان سیمۆنیش بەتەواوی لەگەڵ سیاسەتی سەر ڕاست و تەندروستدا بوون سان سیمۆن دژی پیرۆزییەکان بوو، چوون پیرۆزییەکان چاو بەستن، ئەو دەیویست وێنەکانی پێشچاوی مرۆڤ ئەو وێنانە بن کە وەک خۆیان ببینرێن. نەک ئەو وێنانەی کە کێشراون. سان سیمۆن سیاسەتی بە ئاقارێکدا برد کە سیاسەتێکی مەکراوی نەبێت بەڵکو باوەریشی بە سیاسەت نەبوو، باوەڕی بە میکانیزمێکی ڕشن هەبوو بێ پێچ و پەنا، سیاسەتێکی دروست و مرۆڤانە، نەک سیاسەتی چاوبەست و درۆزنانە، ئەم میکانیزمەیشی بۆ ئابوری وەها دەبینی، هەربۆیە پێی وابوو دەبێت دەوڵەت لەدەستی زاناکان بێت، چەکی دەستی زاناکان زانست بوو، زانست خورافیات و درۆ نەبوون بەڵکو هەبوو، ئەو باوەڕی بەزانست بوو،

دەیوت دەوڵـەت یانی زاناکان، نەک وتاربێژوو نەک سیاسەتوانی چاوبەستکەر. هەموو ئەمانە بایەخی مەزنیان بۆ بیری هیومانیستی سان سیمۆن هەبوو، لەبەرئەوە کورتەی فەلسەفەی سان سیمۆن بریتی بوو لە گەڕانەوە بۆ واقیع و داکۆکیکردن لـە واقیـع ســالاری، هەربۆیە تیۆرەکانیشی بـە خـەیاڵی دەنـاسـران، یاخود فەیلەسوفێکی خەیاڵی بوو، چوون ئـەوەی ئەو دەستی بۆ برد لەو کۆمەڵگە خەیاڵاوییەدا بریتی بوو لە خەیاڵ، واتە گەڕانەوە بۆ واقیع لەنێو ئەو سیستەمە تەنراوە بە خەیاڵ، بریتی بوو لە خەیاڵ.

**پەراوێزەکان:**


1. http://www.newworldencyclopedia.org/entry/Henri_de_Saint-Simon

2. APA citation. Goyau, G. (1912). Saint-Simon and Saint-Simonism. In The Catholic Encyclopedia. New York: Robert Appleton Company. Retrieved May 31, 2017 from New Advent: http://www.newadvent.org/cathen/13377a.htm

3. APA citation. Goyau, G. (1912). Saint-Simon and Saint-Simonism. In The Catholic

Encyclopedia. New York: Robert Appleton Company. Retrieved May 31, 2017 from New Advent: http://www.newadvent.org/cathen/13377a.htm

4. Transcription. This article was transcribed for New Advent by Douglas J. Potter. Dedicated to the Sacred Heart of Jesus Christ.

Ecclesiastical approbation. Nihil Obstat. February 1, 1912. Remy Lafort, D.D., Censor. Imprimatur. +John Cardinal Farley, Archbishop of New York

5. http://www.thegreatdebate.org.uk/Saint-Simon.html

6. http://www.newadvent.org/cathen/13377a.htm

7. MLA citation. Goyau, Georges. «Saint-Simon and Saint-Simonism.» The Catholic Encyclopedia. Vol. 13. New York: Robert Appleton Company, 1912. 31 May 2017 <http://www.newadvent.org/cathen/13377a.htm>

8. https://www.marxists.org/glossary/people/s/a.htm

9. https://www.marxists.org/glossary/people/s/a.htm

10. Durkheim, Émile (1928) 1958 Socialism and

Saint-Simon (Le socialisme). Yellow Springs, Ohio: Antioch. → First published in French. A paperback edition was published in 1962 by Collier.

11. The Doctrine of Saint-Simon; an Exposition: First Year, 1828–1829. Translated by Georg C. Iggers. (1830) 1958 Boston: Beacon. → First published in French. The translation is based on the third, revised and enlarged edition.

12. Hayek, Friedrich A. Von 1952 The Counter-revolution of Science: Studies on the Abuse of Reason. Glencoe, 111.: Free Press

13. http://www.encyclopedia.com/social-sciences/applied-and-social-sciences-magazines/saint-simon

14. Murray E. G. Smith. Early Modern Social Theory: Selected Interpretive Readings. Toronto, Canada: Canadian Scholars Press, Inc, 1998. pp. 80–81.

15. Jeremy Jennings. Revolution and the Republic: A History of Political Thought in France Since the Eighteenth Century. Oxford University Press, 2011. p. 347

16. Keith Taylor (ed, tr.). Henri de Saint Simon,

17601825–: Selected writings on science, industry and social organization. New York, USA: Holmes and Meier Publishers, Inc, 1975. pp. 158–161.
17. Rob Knowles. Political Economy from Below: Economic Thought in Communitarian Anarchism 18401914–: Economic Thought in Communitarian Anarchism, 18401914–. Routledge, 2013. p. 342.
18. Rob Knowles. Political Economy from Below: Economic Thought in Communitarian Anarchism 18401914–: Economic Thought in Communitarian Anarchism, 18401914–. Routledge, 2013. p. 342.
19. ean–René Suratteau, «Restif (de la Bretonne) Nicolas Edme», in: Albert Soboul (ed.), Dictionnaire historique de la Révolution française, Paris, PUF, 1989, 2nd ed. Quadrige, 2005, pp. 897–898.
20. ean–René Suratteau, «Restif (de la Bretonne) Nicolas Edme», in: Albert Soboul (ed.), Dictionnaire historique de la Révolution française, Paris, PUF, 1989, 2nd ed. Quadrige, 2005, pp. 897–898.

# ژیاننامەی سان سیمۆن

لەفارسیەوە : ئەرسەلان حەسەن

کۆنت کلوود هێنری دۆرفرووا ناسراو بە (سان سایمۆن )(فەیلەسووفێکی فەڕەنسی بووە و ساڵی 1760/10/17ی زایینی لە پاریس لە خێزانێکی خانەدانی فەرەنسی، کە بنەچەکەی بۆ شارلمانی دەگەڕێتەوە، چاوی بە دنیاهەڵێناوە ،لەگەڵ ئەوەدا بووە دەولەت دەست لە ژیانی ئابووری وەربدات، بانگەشەی بۆ گرنگیدان بە پیشەسازی کردووە و ئاماژەی بە گرنگی پەرلەمانداوە سەبارەت بە بواری ئابووری و داوایکردووە پەرلەمان بکرێت بە سێ ئەنجومەنەوە (ئەنجومەنی داهێنان، ئەنجومەنی پشکنین، ئەنجومەنی جێبەجێکردن).

سان سایمۆن بەشداری لە شۆڕشی ئەمریکادا کردووەو پاڵپشتی لە شۆڕشگێرەکانی فەڕەنسا کردووە لە فەڕەنسا، لەژیانیدا ڕوبەڕوی برسێتی و دەربەدەری بۆتەوە و نەهامەتیەکی زۆری چێشتووە لەپێناو دروستکردنی بیرۆکەکانی و ئامانجی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دادپەروەر بووە و لە ناودارترین بەرهەمەکانی مەسیحییەتی نوێیە.

ئەو کەسانەی شوێنکەوتووی سان سایمۆن بووون و بە سان سیمونیەکان ناسرابوون داوای پوچەڵکردنەوەی میراتیان کردووە و پێیان

وابووه كه نابێت سەروەت و سامان تەنها لەنێو بازنەی یەک خێزاندا بێت بەڵكو دەبێت سەروەتی تاكه كەس لەدوای مردنی بدرێت بە دەوڵەت و دەوڵەتیش بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بگرێت و بەروبومەكان ڕێكبخات و كەسی شیاو لە شوێنی شیاودا دابنێت و ئیشوكارەكان لەسەر ئەم بنەمایە دابەشبكات بەسەر كەسەكاندا، هەروەها داوایانكردووه دەسەڵات بدرێت بەو كەسانەی پیشەسازن نەک بدرێت بەزانایان چونكه بەبڕوای ئەوان پیشەسازییەكان سەرۆكی ڕاستەقینەی گەلن.

لایەنگرانی سان سایمۆن دەوڵەتی میسریان بەباشترین شوێن زانیوه بۆ جێبەجێكردنی بیرۆكەكانیان و لەكاتی دەسەڵاتی محەممەد عەلی دا زۆربەی زۆریان كۆچیان كردووه بۆ میسر.

**سان سایمۆن لەساڵی ١٨٢٥**

**كۆچی دوایی كردووه.**

كلود هنری سان سیمۆن، فەیلەسوف، بیرمەندی كۆمەڵایەتی، سیاسی و لە بناغەدارانی ڕاپەڕینی سۆیالیستی ئەژمار دەكرا. پابەندی ئازادی كرێكاران و كاریگەری مەسیحیەت

لەسەر رای گشتی بووە، باوەڕی بە حکومەتی بەڕێوەبەران و بیرمەندان بووە و چینی بەرهەمهێنی بەچینی لە سەرووی چینەکانی دیکە زانیووە. ماوەیەک بیرۆکەکانی بووە جێی باس و خواسی خوێندکارانی زانکۆکانی فەرەنسا. سان سیمۆن ڕێگای ریفۆرمی کۆمەڵگەی لە دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان دەزانی. تیۆرە سۆسیالیستیەکانی کاریگەری شایستەی بەسەر ئۆگست کۆنت و مارکسەوە هەبووە، بەشێوەیەک کە کارڵ مارکس پلەوپایەی بە تەواوکردن و برەودانی ئەو تیۆرانەی قوتابخانەی مارکسیزم بەخشی.

سان سیمۆن هەر لە منداڵییەوە ئەخلاق و روانگەی جیاواز بووە و کاری سەیری ئەنجامداوە، هەروەک لە 13 ساڵی سەرپێچی لەیەکەم ئەنجامدانی ڕێورەسمی ئایینی کردووە و باوەڕی وابووە، کە بۆ ئەنجامدانی ئەرکی تایبەتی نێردراوە، بۆیە لە (15) ساڵی فەرمانی بە خزمەتکارەکەی کردبوو، کە بەیانی هەموو رۆژێک بەو رستەیە لە خەو خەبەری بکاتەوە کە: (هەستە کاری گرنگت هەیە).

سان سیمۆن ساڵی 1777 بە پلەی ئەفسەر چۆتە سوپاوە و لەلایەن دەوڵەتی فەرەنساوە بۆ بەگژداچونەوەی ئاژاوەگێڕانی ئەمەریکای باکور چۆتە ئەو کیشوەرە، هەرچەند لە شەڕ بوێری و زیرەکییەکی زۆری نواندووە، بەڵام زۆر گوێی بە ڕووداوەکانی شەڕ نەداوە و زیاتر سەرقاڵی شرۆڤەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆچبەرانی ئەمەریکی بووە، بۆیە دوای کۆتایی هاتنی شەڕ، وازی لە سوپا هێناوەو بیری خۆی بە توێژینەوە و خوێندنەوەی زانستی سەرقاڵکرد. لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا، چونکە گوێی بەو مەسەلەیە نەداوە، لەلایەن شۆڕشگێڕ و کۆچبەران و گرووپە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی دیکەی وڵات دەرکرا، بەڵام زۆر هۆگری لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکان و دیاردە سیاسیەکانی باڵادەست بەسەر کۆمەڵگەوە بوو. لەو بگرە و بەردانەدا، ناوبانگی خانەدانی سان سیمۆن وایکرد شۆڕشگێڕەکان ئیدانەی چالاکییە ناشۆڕگێڕیەکانی بکەن و بیخەنە زیندانەوە، دوای ماوەیەک بەهۆی هەندێک ڕووداوی سیاسی، لە زیندان ئازادکراو دووبارە مەسەلە کۆمەڵایەتیەکانی تاوتوێ و شرۆڤە کردەوە و لەو ناوەدا چەندین یاسا و بنەمای

خستەروو، کە ژیانی کۆمەڵایەتی ڕێکبخات و گەشە بە ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگە بدات، بۆئەوەی بەو هۆیەوە مرۆڤ بتوانێت دەستی بە پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیەکان بگات. ئەو مەسەلەیە، بابەتی جێ هۆگری بووە.

بۆ پیادەکردنی ئەو بەرنامەیە، پێویستبوو، کە پەرە بە توێژینەوە و زانیاریەکانی خۆی بدات و تەواوی کاتی خۆی بۆ دەورکردنەوەی مادی، خوێندنەوە تەرخانبکات. بەمەش بە ئەنجامدانی بازرگانییەک و فرۆشتنی بەشێک لە داراییەکانی، توانی پارەیکی بەرچاوی دەستبکەوێت و بەوپەڕی ئاسودەیی سەرقاڵی خوێندنەوەو دەستەبەرکردنی زاستەکان بێت. سان سیمۆن خانویەکی لەنزیک چەندین زانکۆی بەناوبانگ و جێ متمانەی شار کڕی و بەناوبانگرین مامۆستایان وانەیان تێدا وتەوە. دوای ماوەیەک خانووەکەی بووە ناوەندێکی هاتوچۆی هۆگرانی زانستەکان. ئەو خانووە، بیرکای زانان، فیزیک زانان، فەیلەسوفان، ئابوری زانان و مێژوونوسان بە دەربڕینی را و بۆچوونەکانیان، زەمینەی زانستی گونجاویان ڕەخساند.

سان سیمۆن لەو دیالۆگانە توانی زانیاری و زانستی دروست لە بابەتی جیاجیای زانست، کێشە و سودەکانی بەدەستبێنێت، بەڵام ئەو زانیاریانە کێشەی هەبووە، واتە لە ڕێگای دیالۆگەوە بەدەستهاتبوو و پێویستە بەهۆی لێکۆڵینەوەی بنەمایی و بنچینەیی بۆ زانستی قوڵ و جێگیر دەگۆڕا. بە داخەوە دوای ماوەیەک سەرمایەی سان سیمۆن تەواو و ناچاربوو بۆ درێژەدان بە ژیان، کارکردن لە بانکێکدا قبوڵبکات. لەو کارەدا ڕۆژانە (12) کاتژمێر کاریدەکرد و کاتی بۆ توێژینەوەی زانستی نەبووە. سەختی و کولەمەرگی ژیان و کەمبونی سەرچاوەی مادی و دارایی دەرفەتی لێکۆڵینەوەی زانستی لێگرتووە. بەمەش لەساڵی (1823) لەگەڵ نائومێدی، فیشەکێکی بەسەری خۆیەوە ناوە، بەڵام ئەو ڕووداوە نەبووەتە هۆی مردنی و تەنیا چاوێکی لەدەستداوە. دوای ئەوەس لەلایەن هەندێک لە لایەنگرانی، پاسەوانی کراوە و قوتابیان و دۆستانی پەیدابوون، بەڵام سان سیمۆن لە ساڵی (1825) بە یەکجاری چاوی لە دنیالێکنا.

**سەرچاوە:**

http://www.magiran.com/npview.asp?ID=2499674

# بەرهەڵستكارانی بازاڕی ئازاد
# سیسمۆندییەکان یان سیمۆن

لەفارسیەوە : ئەرسەلان حەسەن

گەڕانەوە و لێکۆڵینەوە لە مێژووی زانستی ئابوری، نەک تەنیا وەڵامێکە بۆ کونجکاوی تێکڕای خەڵک، لە بارەی ماهییەتی مەسەلە فرەچەشنەکانی ئابورییەوە، بۆچوونی جیاجیا و گەنگەشە وروژێنەرەکانی بیرمەندانی ئابوری بۆ وەڵامدانەوەیان، بەڵکو وەڵامێکە بۆ نیازی پێویست لە رووی تێگەیشتنی باشتر لەبنەما شیکارییەکانی ئابوری، درکی بۆچوونە جیاوازەکانی لە هزری ئابوری بۆ زانستی ئابوری، بۆئەوەی لەسەر بنچینەی ئەو رێکارە بە درکی باشتری زانستی ئابوری و بۆچوونە جیاوازەکانی شیکاریەکەی بگات و لە وڵاتێک، کە بە دەست هەژاری هزر و شیکاری ئابورییەوە دەناڵێنێت، وابکات باشتر لەمەسەلە ئابورییەکانی ئەمڕۆ بگەین، بۆ دۆزینەوەی چارەسەری مەسەلە ئالودەبووەکان بە ئەمڕۆ، پێویستە بە روانگەیەکی روونتر بیربکەینەوە.

لە دەیەکانی سەدەی 19، رێبازی ئازادی ئابوری لە فەرەنسا و بەریتانیا سەردەکەوێت. بەشێوەیەک سیستمی گرێبەستی ئازادی تاک ئاسا دەبێت و هیچ یاسایەکی دەوڵەت، ئازادی رەهای ئابوری بەرتەسک ناکاتەوە، ئیدی هیچ

شتێک کۆسپی سـەر ڕێگـای ئـازادی ئابوری نابێت، لەهەموو لایـەک و لە هەموو شتێکدا، کێبڕکێی ئازاد باڵادەستە. ئازادی کار (Laser Faire) و ئازادی هاتوچۆ (Laser passer)، کە دوو دروشمی بنچینەیی سیاسەتی ئابوری و بازرگانی کلاسیکەکان بوون، بە هەموو شوێنێکدا بڵاوببوونەوە. ئەوکارە لە راپۆرتی ئەنجومەنی لێکۆڵینەوەی خەڵکی ئاسایی ساڵی (1810)، کە بەهۆی وێب سایتەوە گوازراوەتـەوە، بەباشی ڕووندەبێتـەوە: «هیچ جۆرە دەستوەردانێکی یاسادانەر لە ئازادی پیشەسازی و کاردا، یان لە ئازادی و بژاردەی تەواوی کەسەکان، بۆ ئەوپەڕی سـودوەرگـرتـن لـە کاتی خـۆی و کـاری خۆی بەهەر شێوەیەک و هەرمەرجێک، کە بەگونجاو و بەکەڵکی خۆی دەزانێت، جێبەجێناکرێت، مەگەر بنەمای بنچینەیی و بە پلەی یەکەم و پێویستی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە و کامەرانی کۆمەڵگە پێشێلنەکات».

سیستمێکی لەوچەشنە پیشەسازی و خاوەن کارگە نوێیە، بەرهەمی داهێنەری هونەری و ئامێری سیستمی بـازاڕی ئـازاد، بە شکۆیەکی سەرسامکەر گـەشـەدەکـات، بـەڵام لـەپاڵ ئەو

پێشکەوتنە درەوشاوانەوە، دوو دیاردەی نوێ و نیگەرانکەر سەرنجی راکێشاین: یەکەم، گەشەکردنی چینێکی هەژار و نەدار لە ناوەندی گەورەی بەرهەمهێنانی ساماندا دووەم، قەیرانە بەردەوامەکانی سەرچاوەگرت و لەزیاد لە پێویستی بەرهەمهێنان، سەبارەت بە خەرجی. ئەو کارە تەنانەت لە روانگەی (ژان باتیست سی) ش جیانەبووبۆوە. سیمۆن لە سەفەرێکدا لە ساڵی (1815)، کە بۆ ئەو وڵاتە دەیکات، دەنوسێت: لە بەریتانیا کرێکارێک بە لەبەرچاوگرتنی ئەندامانی خێزانەکەی، سەرەڕای هەموو زەحمەتێکی، شایانی هاندان و ستایش، ناتوانێت زیاتر 4\3 و هەندێکجار لە نیوەی پێویستیترین خەرجەکانی ژیانی خۆی دابینبکات.

دەرکەوتن و سەرهەڵدانی هەمان ئەو دوو دیاردەیە، بەرهەڵستکارانی ئابوری بازاڕی ئازاد، پشت بە لایەنگری و هێڵی هزری جیاواز دەبەستێت، وردە وردە راستی تیۆرەکانی ئادەم سمیس و لایەنگرانی لەسەربنەمای بەرگری تەواو لە بازاڕی ئازاد و دەستوەرنەدانی دەوڵەت، لە زەینی گشتدا لەرزۆک دەکات. بەرهەڵستکارانی قوتابخانەی ئابوری کلاسیک، کە میراتی سمیس

بوو، ئەگەرچی پاڵنەریان جیاواز و شوێن هێڵی فکری جیاواز دەکەوتن، بەڵام لە ڕەتکردنەوەی تیۆرەکانی ئابوری کلاسیکی لەسەربنەمای ئازادی ئابوری، هەروەها ڕەتکردنەوەی تیۆری هەماهەنگی سروشتی قازانجی تایبەتی لەگەڵ قازانجی گشتی کۆکۆن. ڕەوتی فکری بەرهەڵستکارانی قوتابخانەی کلاسیک، لایەنێکی فراوانیان لە هزرەکانی رادیکاڵی کارڵ مارکس، تا سۆسیالستەکانی هەرەوەزخواز، سۆسیالیستەکانی بە وتەی مارکس خەیاڵی، پشتگیری کارانی وەک فریدریک لیست و بیرمەندانی قوتابخانەی مێژوویی ئەڵمانیا لەخۆدەگرێت. لەو ناوەدا سیسمۆن دی سۆسیالیستێک نەبوو، بەڵام بە دوای ڕێگایەکی میانڕەودا دەگەڕا، لەگەڵ ڕۆحی ڕەخنەگرانەی خۆی، هەوڵیدەدا بۆئەوەی وێنایەکی لەبیرنەکراو لە ئێش و ئازاری رکابەرێتی ئازاد و سەرمایەداری پیشەسازی نوێ، نەخشە بکێشێت. بەوشێوەیە سیسمۆندییەکان دەگۆڕێت بە یەکێ لە پێشڕەوانی ڕووبەڕووبوونەوەی راکانی قوتابخانەی کلاسیکی ئابوری، کە پەیتاپەیتا ببووە بەشێک لە بیروباوەڕی گشتی، سیسمۆندی لە یەکەم کەسانێکە، کە وێڕای هزرە

باڵادەستەکان، پێ لەسەر کارێک دادەگرێت، کە تەبایی لەگەڵ ئەنجامگیری گشتی و سادەی بیرمەندانی رابردوو.

سیسمۆن دی فەرەنسی نەبوو، بەڵکو سویسرایی و خەڵکی ژنۆ بوو. خێزانەکەی بە رەگەز ئیتاڵی بوون، کە لە سەدەی شەشەمدا کۆچیان کردووە بۆ فەرەنسا. کتێبە ئابورییە گرنگەکەی باوی «بنەما نوێیەکانی زانستی ئابوری»یە. سیسمۆندی لەسەرەتادا لەلایەنگرانی سەرسەختی ئازادی ئابوری بوو. ساڵی (1803) واتە هەمان ساڵ، کە کتێبی ئابوری (ژان باتیست سی) بڵاوبۆوە، سیسمۆندیش لە کتێبێکدا بە ناوی «سامانی بازرگانی»، بیرو هزرەکانی ئادام سمیسی خستە بەرباس. سیسمۆندی دوای ئەوەی ساڵانێکی زۆر سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، ئەدەبی و سیاسی بوو، ساڵی (1818) جارێکی دیکە رووی لە زانستی ئابوری کردەوە. لەبارەی ئەو سەردەمەوە دەڵێت: «من لەو مێژووەدا بە توندی کاریگەری قەیرانی بازرگانی چەند ساڵەی ئەو دواییەی ئەوروپا، ماڵ وێرانی، ئێش و ئازاری دڵتەزێنی کرێکارانی کارگەکانم لەسەر بوو. ماڵ وێرانییەک، کە لە ئیتاڵیا، سویسرا و

فەرەنسا بۆخۆم شایەتحاڵی بووم و راپۆرتە رەسمییەکان رێنماییان دەکرد، کە لە بەریتانیا، ئەڵمانیا و بەلجیکاش بارودۆخ بە هەمانشێوەیە».
سیسمۆندی لە (1819) سەفەرێکی بۆ بەریتانیا هەبوو، کە لەم دەستەواژەیەدا باسیکردووە: «بەو سەیرەوەیە، کە گوایە شیمانەی تاقیکردنەوەی گەورە بۆ فێرکردنی جیهانیانە». لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبی «بنەما نوێیەکانی زانستی ئابوری»، سیسمۆندی رێگای خۆی لە قوتابخانەی ئابوری کلاسیک جیاکردەوە.

سیسمۆندی لە هەنگاوی یەکەمیدا رەخنە لە رەوشی پەیڕەوانی سمیتی، واتە ریکاردۆ و سی دەگرێت: «سمیت هەوڵیدەدا هەر کارێک لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی پەیوەست پێی تاتوێبکات ... بەرهەمە نەمرەکەی، ئەنجامی توێژینەوەی فەلسەفەی مێژووی جۆرێک مرۆڤایەتییە»، بەڵام رەوشی رووتەڵی ریکاردۆ، شایانی سەرزەنشتە. هەرچەند ماڵتۆس کە «توێژینەوەی ورد و راستی رووداوەکانی لەسەر فراوانی و توانای زەینی بۆی زیاد دەکرد» جێگەی ستایشی ئەوە، هەر بەو رادەیە رۆحی لە قبولکردنی «رووتەڵییەکان و ئەبستراکتە تێکڕاییەکانی ریکاردۆ و قوتابیەکانی»

بێزار بووبوو. لە روانگەی سیسمۆندییەوە زانستی ئابوری، زانستێکی ئەخلاقییە، کە تێیدا «هەموو شتێک بەیەکەوە بەستراوەتەوە» و هەرکەسێک بیەوێت «بنەمایەک لە کاروباری دیکە جیابکاتەوە و تەنیا سەرنجی لەسەر ئەو بێت»، رێگای هەڵە دەبڕێت. لە روانگەیەوە زانستی ئابوری پێش هەرشتێک لەسەر بنەمای مێژوو، ئەزموون و بینینە. «پێویستە لە وردەکاری ئەودا، بارودۆخی مرۆڤ بخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە. پێویستە هەندێکجار سەرنجی لەسەر بکات، هەندێکجار شوێن و جاروبار سنف و کار بێت، بۆ ئەوەی مـرۆڤ بەوشـێوەیـە کـە بـە راسـتـی هـەیـە، لە روانگە و کاریگەرییە بنچینەییەکانی کۆمەڵایەتی بگات.... بەدڵنیاییەوە دەڵێم کەسانێک کە هەمیشە دەیانەوێت تێکڕایی بدەنە کاروباری پەیوەند بە زانستی کۆمەڵایەتی، هەڵە و تاوانێکی گەورە دەکـەن». ئامانجی ریکاردۆ تەنیا ئەو رەخنەیە نییە، بەڵکو (ژان باتیست سی)ش کە هەوڵیدەدا زانستی ئابوری تایبەت بە چەند بنەمایەکی تێکڕایی پیشانبدات، لەخۆدەگرێت، کە ئەو «ئەرتەدۆکس» دەکـاتـە بـەردانـگ. ئـەو رەخنانە مەیدانیان بۆ رەوشێک رەخساند، پاشان قوتابخانەی مێژوویی

ئەڵمانیا بەشانازی دامەزراندنی تایبەت بەخۆی دەزانێت.

بەرهەڵستکاری سیسمۆندی، تەنیا پەیوەندی بە رەوش و بۆچوونەوە نییە، بەڵکو زیاتر بەرهەڵستی قوتابخانەی کلاسیکە، سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ بابەتی زانستی ئابوریی. «بە رای ئەهلی مەکتەب، زانستی ئابوری، زانستی سامانەکان، یان بەهەمانشێوە، کە ئەرستۆ وتویەتی «رێوشوێنی کۆکردنەوەی پێگە و سامان»ە. لە کاتێکدا بابەتی راستەقینەی ئەو زانستە «تەندروستکردنی بارودۆخی دارایی مرۆڤ»ە، سامان بۆخۆی سامان لەبەرچاوگرتن و مرۆڤێک فەرامۆشکردن، رێگایەکی هەڵەیە. لەوبارەیەوە سیسمۆندی لە ریکاردۆ نزیکتر دەبێتەوە، تا ئادام سمیت، بۆچی کە لە روانگەی ئادام سمیت، بابەتی زانستی ئابوری، لێکۆڵینەوە لە ماهیەت و هۆکارەکانی سامانی میللەت دەبێت، لە کاتێکدا کە ریکاردۆ دابەشکردنی سامان، وەک بابەتی سەرەکی زانستی ئابوری دەناسێت.

ریکاردۆ لەوبارەیەوە دەڵێت: هەر رۆژێک کە رادەبورێت، بەقەناعەتتر دەبین و لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لەبارەی ئابوری بێهودەو یاساکان

دابەشکردنی سامان، تەنیا ئامانجی واقیعی ئەو زانستەیە. ئەگەرچی لە روانگەی سیسمۆندییەوە دابەشکردنی سامان لە بەرهەمهێنانی سامان زیاتر گرنگە، بەشێوازێک کە مەسەلەی دابەشکردنی تێدانییە، سامان نە شایانی تێگەیشتنە و نە شایانی سەرنجە، بەڵام لە بنچینەدا بۆچوونی بۆ دابەشکردنی سامان جیاوازە لە بۆچوونی ریکاردۆ. سیسمۆندی لەوبارەیەوە دەنوسێت «بەشێوەیەکی گشتی، کۆبونەوە و کەڵەکەبوونی سامانەکان لە وڵات، ئامانجی دەوڵـەت نییە، بەڵکو سودمەندی تێکڕای تاکەکانی میللەت لە نـازو نیعمەتێکە، کـە بەهـۆی ئـەو سامانانەوە دەستدەکەوێت.... لەراستیدا هەرگیز سامان و دانیشتوان بەشێوەیەکی رەهـا و جیا، رواڵەتی نیعمەت و ئاوەدانی وڵات نین، بەڵکو رێکخستنی پەیوەندیەکانیانە لەگەڵ یەکتریی». سیسمۆندی لە بابەتی دابەشکردنی سامان، پێگەی تایبەت دەدات بە «هەژارەکان»، بە ئەوان، کە جگە لە بازوی خۆیان، هۆکارێکی دیکەی ژیانیان نییە و لە بەیانییەوە، تا ئێوارە لە کارگەکان و کێڵگەکان رەنجدەدەن، «هەرکاتێک بڕیاربێت دەوڵەت قازانج چینێکی تایبەت لە میللەت بە زیانی چینەکانی

دیکە بخاتە ژێر سەرنجەوە، بێگومان دەبوو پشتگیریکردن لە کرێی رۆژانەی کرێکار بێت».

لە روانگەی سیسمۆندی «زانستی ئابوری، زیاتر زانستی بەختەوەرییە. بەمەش هەرئەوەی پەیوەندی بە بەختەوەری مرۆڤەکانەوە نەبێت، لە دەرەوەی چوارچێوەی ئابورییە». بۆچوونی سیسمۆندی بۆ زانستی ئابوری، دەکەوێتە ژێر روماڵی ژان باتیستەوە: «سیسمۆندی، زانستی ئابوری بە زانستێک دەزانێت، کە بەختەوەری مرۆڤی لەئەستۆیە، بێگومان دەیانەوێت بڵێن ئەو کەسانە، کە دابینکردنی بەختەوەری مرۆڤییان لە ئەستۆیە، پێویستە مەعریفەتی ئەو زانستەیان هەبێت. بێشک فەرمانڕەوایان ئەگەر دەیانەوێت شایستەی ئەرکی خۆیان بن، پێویستە زانستی ئابوری بزانن، بەڵام بەختەوەری مرۆڤ، تووشی چ کارەساتێکی گەورە دەبێت، ئەگەر لەجیاتی ئەوەی، کە پشت بە عەقڵ و کاری تاکەکانی خەڵک ببەستێت، دەدرێتە دەست فەرمانڕەوایان».

لە روانگەی سیسمۆندی، قوتابخانەی کلاسیک، کە هەم لە رەوش و هەم لە بابەتی زانستی ئابوریدا بەلاڕێدا رۆیشتووە، بەو پێیەش لە ئەنجامەکان و ئەنجامگیرییە زانستیەکانیش رێگای بە هەڵەدا

ڕۆیشتووە. سیسمۆندی ڕەخنەکانی سەبارەت بە ئەنجامەکان و ئەنجامگیریەکانی قوتابخانەی کلاسیک، یان بە وتەی خۆی ئەرتەدۆکسەکان، پەیوەست دەبێت بە بابەتی جیاجیاوە، ڕەخنەی بەرگری کلاسیکەکان لە بەرهەمهێنانی بێ سنور و ئەو کارە کە خستنەڕوو، داوای خۆی دێنێتە ئاراوە، ڕەخنەی کۆمەڵگەی پیشەسازی ئامێری، ڕەخنەی بەرگری بێکۆت و مەرج لە ڕکابەرێتی و هەماهەنگی قازانجی تایبەتی لەگەڵ قازانجی کۆمەڵایەتی لە بازاڕ، تەوەرەکانی بەرهەڵستکاری سیسمۆندی دژی کلاسیکەکان پێکدەهێنێت.

سیسمۆند لە ڕەخنەی هۆگری سنوربەزێنی کلاسیکەکان بۆ بەرهەمهێنان و یاسای سی، دەنوسێت: «بە ڕای ئەوان، زیادبوونی تێکڕای بەرهەمهێنان، هیچ خەوش و مەترسیەکی لەخۆ نەگرتووە، بۆچی ئەگەر خاوەن کاران لەبارەیەکەوە هەڵەبکەن و بڕێک لە خستنەڕووی داوا زیاتر بێت، دەزگای ئۆتۆماتیکی ئابوری، ریفۆرمی دەکات: واتا دابەزینی نرخی جۆرەکان، هۆشداری دەداتە خاوەن کاران، کە هەڵەیانکردووە و پێویستە هەوڵبیان ئاڕاستەی ئامانجێکی دیکە بکەن، بەپێچەوانەوە هەڵەی

نرخەکانی بەرهەمهێنەران ئاگاداردەکاتەوە، کە خستنەڕووی جۆرەکان بەپێی پێویست نییە و پێویستە بڕی بەرهەمهێنان زیادبکەن. بەمەش هەڵەکان، هەمیشە کاتی و زووتێپەڕ دەبن»، بەڵام «ئابوری ناسان (کلاسیکەکان) لەجیاتی سەلماندنی تێکڕایی و زارەکی، رووداو و کاروبارەکان بەوشێوەیەی کە دەڕوات، دەیخەنە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە، ئەگەر لەجیاتی بەروبومەکان، مرۆڤەکانیان لەبەرچاوگرت، بە سادەیی لە هەڵەی بەرهەمهێنەران خۆش نەدەبوون. راستە کە زیادبوونی بەرهەمهێنان لە کاتێکدا کە خستنەڕوو بۆ تێرکردنی داوای رۆژانە بەس نەبێت، زیان بە کەس ناگەیەنێت و لە قازانجی هەمووانە، بەڵام کەمکردنەوەی خستنەڕووی زیاد لە رادەی پێویست، کارئاسانی نییە کاتێک کە داوا بەهەمان خێرایی زیاد نەبێت، ئایا جێگەی باوەڕە کە لە ماوەی یەک، یان دوو رۆژ، سەرمایەکان و کرێکاران بتوانن، واز لە پیشەسازییەک بێنن، کە تووشی بێ بازاڕی بووە، کار و پیشەسازییەکی دیکە بگرنەبەر؟ ... «بەرهەمهێنەران واز لە کارکردن ناهێنن و ژمارەیان کەم ناکات، مەگەر ئەوکاتەی کە کۆمەڵێکی زۆری خاوەن

کارگەکان موفلیس بن و زۆربەی کرێکاران لە هەژاریدا بمرن». بەمەش «بێین و لەو تیۆرە زۆر مەترسیەی هاوسەنگی ئابوری، کە خۆی لەخۆیدا دێتەئاراوە، خۆبەدوور بگرین. ... راستە بە تێپەڕینی کات جۆرێک هاوسەنگی دەبێت، بەڵام دوای ئازارەکان و وێرانی ترسناک ئەوە دەبێت».

ئامێر تەوەرێکی دیکەی رەخنەی سیسمۆندییە. لە روانگەی کلاسیکەکانەوە، ئامێر هۆکاری بەختەوەری و بەرەکەتە. چونکە بەهۆیەوە بەروبومەکان ئاسانتر و بە نرخی هەرزانتر بەرهەمدەهێنرێن. سیسمۆندی لەسەر ئەو رایەیە، کە ئەگەر حەقیقەتی کار لەبەرچاوبگرین و خۆمان لە سەرنجدان لەسەر هۆکارەکانی کات و شوێن دوور بگرین و کۆسپ و بەرکەوتە جیاجیاکانی دەزگای کۆمەڵایەتی ئەژماربکەین، ئەوکاتە دەبینین، کە ئەنجامی هەنوکە و راستەوخۆی ئامێرەکان ئەوەیە، کە کرێکاران لە کارگەکان دەکاتە دەرەوە و رکابەرێتی بەرامبەریان دادەبەزێنێت، لە ئەنجامدا بڕی داوا کەم دەبێتەوە. بەمەش کاریگەری ئامێرەکان، نەک تەنیا هەمیشە باش نییە، بەڵکو سودمەندییان تەنیا کاتێکە، کە پێش سود لێوەرگرتنی، ئاکام و داهاتی گشتی گەشەی

نەکردووە و ئەگەری کاری نوێ بۆ کەسانێک، کە لە دەرئەنجامی ئەوە بێکار دەبن، رەخسابێت. «بێگومان کەس چاکەی گۆڕانی ئامێر لە جیاتی مرۆڤ رەتناکاتەوە، بەو مەرجەی کە کەسانی بێکار بوو، بتوانن لەجێگەیەکی دیکە کارێکی دیکە بدۆزنەوە». لەوبارەیەوە بەڵگەی «کارپێکەری ئامێرەکان»ی سیسمۆندی بەناوبانگە:

«کاتێک بەریتانیا سەردەکەوت، کە تەواوی کاری کێڵگەکان و کاروباری شارەکانی خۆی، بە ئامێری هەڵمی ئەنجامدەدا، لەوڵاتەکەی کۆمەڵێکی زیاتر لە کۆماری گچکەی ژنۆ نەدەبوو، بەڵام داهات و بەرهەمی ئێستای خۆی دەپاراست، ئایا شایستەی ئەوەبوو بە دەوڵەمەند و ئاوەدانی بزانین؟ جەنابی ریکاردۆ وەڵامدەداتەوە، بەڵێ .... بەمەش سامان هەموو شتێکە و مرۆڤ بە رەهایی هیچ، کەوایە لە راستیدا هیچ شتێک لەوە باشتر نییە، کە پاشا تاک و تەنیا لە دوورگەی خۆیدا بمێنێتەوە و بەردەوام کارپێکەری ئامێرەکان هەڵسوڕێنێت و بەهۆی ئامێر و ئامێری ئۆتۆماتیکی، تەواوی کاروبارەکانی بەریتانیا بەدەستەوەبگرێت»!.

سیسمۆندی لەوبارەیەوە مەسەلەی بێکاری کرێکاران بەهۆی بەکارهێنانی ئامێر تێدەپەڕێنێت

و لەو بابەتە دەکۆڵێتەوە، کە پاشماوەکانی هێزی کاریش، پشکی ناچیزییان لە حەقدەست و سودی ڕێکخراوی بەرهەمهێنانی ئامێر وەردەگرن. «ئێمە لە جێگەیەکی دیکە وتمان و دیسانەوە بە پێویستی دەزانین دووبارەی بکەینەوە، کە کارەساتی ڕاستەقینە لە تەواوکردن و ریفۆرمی ئامێردا نییە، بەڵکو دابەشکردنی ناتەواوە، کە لەبەرهەمەکانیان بەکاریدەهێنین. هەرکاتێک ئێمە بتوانین بە بڕێکی دیاریکراوی کار، بەرهەمی زیاتر بەدەستبێنین، پێویستە بە هەمان ڕێژە بەهرەمەندی زیاترمان هەبێت یان زیاتر پشوو بدەین... بەڵام لە ڕێکخراوی ئێستای ئابوری کە کرێکار بۆتە کۆیلە، ناچارە کە سەرەڕای ئامێری توانای بەرهەمهێنان ئەو بۆی زیاددەکات، نەک تەنیا کەمتر کارنەکات، بەڵکو شیمانە دەکرێت زیاتر ماندو بێت، بۆئەوەی هەمان حەقدەستی پێشووی خۆی بپارێزێت». ئەو بەڵگاندنانە تێگەیشتنی لاوازی سیسمۆندی لە کاری ئامێرو لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی پیشەسازیدا پیشاندەدات.

تەوەرێکی دیکەی سیسمۆندی قوتابخانەی کلاسیکک، بۆ رەخنەی بە سودی ڕکابەرێتی دەگەڕێتەوە. بەپێی ڕای ئادام سمیت «بە گشتی

هەر بەشێک لە پیشەسازییەکان، یان هەر بەشێک لە کار، کە کەڵکی بۆ کۆمەڵگە هەبێت، هەمیشە سودمەندی بە ڕێژەیەکە، کە ڕکابەریێتی ناوی ئازادتر و گشتیتر، زیاتر دەبێت». سیسمۆندی ئەو رایە بە هەڵە و بێ بنەما دەزانێت و دوو بەڵگە لە دژی دێنێتەوە. ڕکابەریێتی لە ڕوانگەی سیسمۆندی باش و بە بەرەکەتە، هەرکاتێک مایەی هاندانی خاوەن کاران بۆ زیادکردنی بڕی بەرووبووم بێت، کە ئەوە داوای زیاترە، بەڵام لە دۆخی پێچەوانەدا، شوم و ترسناکە، چونکە ئەگەر ڕادەی خەرج جێگیر و وەستاو بێت، تەنیا ئەنجام ڕکابەرێتی ئەوەیە، کە خاوەن کارانی شارەزا، یان ئەوان کە سەرمایەی زیاتریان هەیە، ڕکابەری خۆیان بە خستنەڕووی کاڵای هەرزان مایەپووچ بکەن و مشتەریەکانیان بۆلای خۆیان ڕابکێشن، بەبێ ئەوەی کە کۆمەڵگە سودی لێوەربگرێت و ئەوە هەمان ڕوانگەیە، کە زۆرجار لەبەرچاومان دەکرێتەوە.

ئامانجی پیشەگەران، پێویستی و بەرژەوەندی ئەژمارکراوی کۆمەڵ نییە، بەڵکو تاکە هیوای زیاترکردنی قازانج و سامانی کەسییانە. سەرباری هەوڵ بۆ هەرزانکردنی کاڵا، خاوەن

کار ناچاردەکات، کە دەست بەهێزی کارەوە بگرێت، لە هەموو شوێنێک رکابەریێتی بۆتە هۆی ئەوەی، کە لە کارگەکان لەجیاتی پیاوان، کار بە منداڵان و ژنان بکەن. هەندێک لە خاوەن کاران، بۆئەوەی سود لە لانی زۆری هێزی مرۆیی وەبگرن، شەو و رۆژ کرێکاران ناچاردەکەن، کاری ماندوکەر و گیانکێش بکەن، حەقدەستێکی پێویستیشیان نادەنێ. «قازانجی خاوەن کار لە هەندێک لایەنەوە، جگە لە روتکردنەوەی کرێکارانی بەکرێگیراو، شتێکی دیکە نییە. بەو بەڵگەیە قازانج ناکات، کارگەکەی زیاتر لەوەی خەرجیدەکات، بەرهەمدێنێت، بەڵکو بەو هۆیەوەیە، کە حەقدەستی گونجاو لەبەرامبەر کارەکەیان بە کرێکاران نادات. پیشەسازی لەوچەشنە بەلای کۆمەڵگەدایە». ئایا هەرزانی کە لەگەڵ ئەو هەلومەرجە بەهەمدێت، بەهای هەیە؟ ئایا سودێکی کەم کە کۆمەڵگە دەستیدەکەوێت، لەگەڵ زیانێک، کە بەهێزی کاری کرێکارانی دەگەیەنێت، شایانی بەراوردکردنە؟ «ئەگەر بەهای پەرەپێدانی بازرگانی، هێنانەئارای چینێکی بەدبەخت و نەخۆش بێت، پێویستە بڵێم، کە ئەوە بەهایەکی یەکجار قورسە».

کۆمەڵگەی پیشەسازی لە روانگەی سیسمۆندی، وردە وردە خەڵکی بۆ دوو چینی تەواو لێکجیا دابەشدەکات: ئازادی رکابەریّتی لەگەڵ لەناوبردنی چینی مام ناوەند، دوو چینی رەنجدەر و سەرمایەدار بەجێدێڵێت. «سنفی مام ناوەندی لەناوچوون. خاوەندارانی گچکە، جوتیارانی کرێگرتەی کاری بچوک، خاوەن دەزگا پیشەییە گچکەکان، خاوەن کارگە گچکە و دوکاندارانی بچوکی شارەکان، نەیانتوانیووە لە بەرامبەر رکابەریّتی سەرمایەدارانێک، کە دامەزراوە و کارگەی گەورەیان دامەزراندووە، بەرگریبکەن. لە کۆمەڵگەیەکی دیکە، جگە لە سەرمایەداری گەورە و رەنجدەری بەکرێگیراو نەکاتەوە، هەمومان بینیمان چینێک کە لە رابردو، تاڕادەیەک هەستپێنەکراو بوو، واتە چینی کەسەکان، کە بە رەهایی هیچ جۆرەدارایییەکییان نییە، لە چ شێوەیەکی سامهێنەردا گەشەیکردووە».

«کارگەکانی دروستکردنی ئاشی ژیروەند، ئاشی کۆنی بێکەڵکییان بەرهەمهێناوە، کارگەکانی دروستکردنی بەرمیلی لوار، کاری بەرمیل دروستکەرانیان پەککخستووە. بنکەکانی هەڵگرتن و گواستنەوەی گەورە لەگەڵ پاپۆڕە هەڵمییەکان،

داشقه و هێڵی ئاسن و سەرمایەی گەورەی خۆی، جێگرەوەی خاوەن بەلەمەکان، گاریچییەکان و خاوەن پاسیکلەکان هەژار و بێ نوا بوون ... بازرگانانی دەوڵەمەند، کۆگای گەورە و فرۆشگای فراوانیان لە پایتەختە گەورەکان کردۆتەوە و لە هەوڵی لەناوبردنی تەواوی بازگانانی جوملەفرۆش، تاک فرۆشان، دووکاندارانی گچکەی شارەکانن، ئەو خەڵکانەی بێلایەن و ئازاد بە دەلاڵان و نوێنەران و حەقدەست وەرگران و بەکرێگیراوانی رەنجدەری خۆیان دەگۆڕن». «ئێستا ئێمە لەبەرامبەر barودۆخ و هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی تەواو نوێداین، کە هیچمان ئەزموونێکمان لێی نییە. وردە وردە دەگەینە ئەوەی، کە هەرجۆرە خاوەندارییەک لە هەرجۆرە کارێک بەجیا بزانین ... ئەمە ئەو مەترسییە کۆمەڵایەتییەیە، کە پێویستە رابگەیەندرێت».

بە بۆچوونی سیسمۆندی، هۆکاری بنچینەیی قەیرانە ئابورییەکان، دیسانەوە بۆ دابەشکردنی نادروستی داهاتەکان دەگەڕێتەوە. ئەنجامی جیابونەوەی خاوەندارییەتی لە کار ئەوەیە، کە تەنیا لایەنی خاوەنداران و سەرمایەداران شایانی زیادکردن و پەرەپێدانە، داهاتی کرێکاران

بەهەمان لایەنی کەمی پێویستییەکان دەوەستێت و لێرە ناهەماهەنگییەک لە بەرهەمهێنان و داوای بەرهەمەکان دێتەئاراوە. «بەهۆی چڕبونەوەی سامانەکان لە دەست ژمارەیەکی سنورداری خاوەن بازاڕی ناوخۆ، بەردەوام تەسکتر و گوشراوتر دەبێت و خاوەن پیشەسازی ناچاردەبێت، کە بۆخۆی لە دەرەوە بۆ بازاڕی فرۆشتن بگەڕێت، کە لەوێش شۆڕشە گەورە بەردەوامەکان هەڕەشەی لێدەکەن. ... لە روانگەی نیشتمانییەوە، خەرجی خاوەن کارێکی ملیۆنەر، کە هەزاران کرێکاری بێ نەواو دیاریکراو بە لای کەمی ژیانی ژێرفەرمانی ئەو کاردەکەن، هەرگیز بەهای خەرجی سەد خاوەن کاری زۆر کەم مایە، کە هەریەکەیان 10 کرێکاری بە تواناتری هەبێت، نابێت». سەرباری «بازرگانە بچوکەکان و خاوەن کارگەی بچوک لەناودەچن و خاوەن کارێکی گەورە جێگەی سەدان کەسییان دەگرێتەوە، کە کۆی سامانی هەمویان لەوانەیە بە رادەی ئەو یەک کەسە تەنیا نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، هەموویان بەکاربەری لەو باشتر بوون. کەلوپەلە پڕخەرج و بەشکۆیەکانی کەمتر هۆگری هاندانی پیشەسازییە، تا خەرجی ئەو سەدان

بێماڵ و حاڵە مام ناوەند و خۆشگوزەران، کە جێی ئەوانی گرتۆتەوە».

سەرئەنجام سیسمۆندییەکان هەماهەنگی قازانجی کەسی و قازانجی گشتی لەبازاڕ رەتدەکاتەوە. «ئەوە راستە کە ئابوریزانان (کلاسیک) لەبارەیەوە زۆر جەختییان کردۆتەوە، کە هەرکەسە قازانجی خۆی باشتر لە حکومەت دیاریدەکات، بەڵام ئەوان بە نهێنی بانگەشەیان کردووە، کە قازانجی هەرکەسێک بەرامبەر قازانجی گشتە. کەسێک کە دراوسێکەی خۆی تاڵاندەکات، دزینی ماڵی دراوسێ لە قازانجیەتی. کەسێک کە ماڵی دەدزرێت، ئەگەر توانای پێویستی بۆ رووبەرووبوونەوە نەبێت، دیسانەوە بژاردەی بێدەنگی لە قازانجیەتی، بەڵام ئەوە هەرگیز لە قازانجی کۆمەڵگە نییە، کە یەکێک هێز بەکاربەرێت و ئەوی دیکە تەسلیم بێت. ... قازانجی کرێکار کە رۆژانە کاردەکات، لەوەدایە کە حەقدەستەکەی لە 10 کاتژمێری کار، بۆ ژیانی خۆی و پەروەردەکردنی منداڵەکانی بەس بێت ... قازاجی کۆمەڵگەش لەوەدایە، بەڵام قازانجی کرێکارێک کە بێکارە، خوازیارە نانی خۆی بەهەر نرخێک، کە مومکین بێت بەدەستبێنێت. بەمەش ئەگەر

پێویست بێت، 14 کاتژمێر لە ڕۆژێکدا کاردەکات، منداڵەکانی خۆی لە 10 ساڵییەوە دەنێرێتە کارگەکان، سەلامەتی و ژیان و بوونی تەواوی چینەکەی خۆی دەخاتە بەردەم مەترسییەوە، بۆئەوەی لە گوشاری گیانکێشانی پێویستی هەنوکە، ڕزگاری بێت». لەو دەستەواژانەی سیسمۆندی ئاشکرا دەبێت، کە ئەو درکێکی لاوازی لە تیۆری هەماهەنگی قازانجی کەسی و گشتی ئادام سمیس و دەستی نەمری ئەو هەیە و بە باشی لە لۆژیکەکەی نەگەیشتووە.

سەرئەنجام شیکاری ڕەخنەیی سیسمۆندی، بۆ ڕێبازێکی کرداری دەگەڕێتەوە. ئەگەرچی ڕەخنەی سیسمۆندی بە سۆسیالزم کۆتایی نایەت، بەڵام بنەماکانی ئابوری ئازاد ڕەتدەکاتەوە. سیسمۆندییەکان هەرگیز ڕەخنە و ناڕەزایی خۆیان ئاڕاستەی خاوەندارییەتی تایبەتی، کە بناغەی ئابوری ئازاد پێکدەهێنێت نەکرد. لە ڕوانگەیەکی نوێوە، کە سیسمۆندی لە جیهانی ئابوری دەڕوانێت، وەک ڕەوتی ئازادی، قازانجی تایبەتی زۆرجار دژی قازانجی گشتییە، ئیدی بۆ لادانی دەوڵەت لە کاروباری ئابوری، کە بابەتی داکۆکی پەند و ئامۆژگاری قوتابخانەی

ئادام سمیسە، لایەنێک نامێنێتەوە. بەپێچەوانەوە بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی خوازیارە، دەوڵەت خاوەن را بێت و بەو شێوەیە جێگە بۆ سیاسەتی ئابوری نوێ بەناوی «سیاسەتی کۆمەڵایەتی» دەکرێتەوە. لە روانگەی سیسمۆندییەوە پێویستە کاری دەوڵەت ئاڕاستەی ئەوەبێت، کە بێ بەندوباوی و جڵەو پچڕاوی بەرهەمهێنان بوەستێنێت و بەر بە داهێنانی زۆر و گۆڕانی خێراو تووندبگرێت(!). سیسمۆندی ئارەزوی پێشکەوتن و هەڵکشانە، کە ئارام بێت و لە قۆناغی پەیتا پەیتادا ئەنجامبگرێت، بەبێ ئەوەی زیان بەکەس بگەیەنێت، بێ ئەوەی داهاتی کەس سنوورداربکات، تەنانەت بەبێ ئەوەی، کە نرخی سود دابەزێنێت. «زیادبوونی سەرمایەکان خوازراو نییە، مەگەر بە رێژەیەک کە توانای سەرمایەگوزاری و سود وەرگرتنیان گەشەی کردبێت»، پێویستە دەوڵەت لە هەرشوێنێک کە شیاوە، جارێکی دیکە یەکگرتوویی نێوان کارو خاوەندارێەت دروستبکاتەوە، سەرباری ئەوە، پێویستە دەوڵەت کۆمەڵە چوارچێوەیەک بخاتەسەر بازاڕی کار، لەپێناو سودوەرگرتن لە هێزی کار.

لە سیاسەتی کۆمەڵایەتی سیسمۆندیدا، وەک

رەخنەکانی لە ئابوری کلاسیک، دۆخی گوماناوی، دودڵــی و بــڕیـارنــەدان دیــارە و ئــەوە بۆخۆی سەرچاوەگرتوو لە کێشمەکێشی هەمیشەیی نێوان عەقڵ و هەستە. ئەو لەوە عاقڵترە، کە لە بەرهەم و بەرەکەتی سیستمی پیشەسازی نوێ نەگات و هەستیارتر لەوەی کە نەکەوێتە ژێرکاریگەری پرۆسە بەئازەرەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازی نوێوە و هاوکات لەوە پارێزگارترە، کە خوازیاری شۆڕش و هەڵگێڕانەوەی بناغەی کۆمەڵگە بێت. سیسمۆندی خەمباری لاوازی مرۆڤە لەبەرامبەر دزێوی سەرسامکەردا، بەڵام لەخۆیدا ئەو توانایە نابینێت، کە دەرمانی دەرد ئاشکرابکات و ئەو راستییە بە خاکی، یان دەربڕینێکی سادە و کاریگەر دانی پێدادەنێت: «من دانی پێدادەنێم دوای ئەوەی، کە بە باوەڕی خۆم دەرمخست، کەبنەما چییە و دادپەروەری لەکوێیە، لەخۆمدا ئەو هێزە نابینم، کە هۆکاری جێبەجێکردنی دەربخەم. دابەشکردنی بەرهەمەکانی کار لە نێوان کەسانێک، لە بەرهەمهێناندا بەشدارن، بە رای من خەوشدار و گەندەڵە، بەڵام رەنگە لەسەرووی توانای مرۆڤایەتییەوەبێت، لەبەرئەوە وێنابکرێت بتوانێت سیستمی خاوەندارێتی بە

تێکڕایی جیاواز بێت، لەگەڵ ئەوەی ئەزموون ئەنجامیداوە».

سیسمۆندی لە پێشڕەوانی بەگژداچونەوەی راکانی قوتابخانەی کلاسیکی ئابورییە، کە وردە وردە بۆتە بەشێک لە بیروباوەڕەکانی گشتی، یەکێکە لەو کەسانەی، کە بەهۆی بیرۆکە باڵادەستەکانەوە، سورە لەسەر کارێک، کە لەگەڵ ئەنجامگیرییە گشتیەکان و سادەی بیرمەندانی رابردوو تەبا نییە،

لەگەڵ ئەوەشدا سیسمۆندی فەرمانڕەوای گەلێک قوتابخانە نوێ، کە دواتر ئاڵای نەیاریکردنی ئابوری کلاسیک هەڵدەدات، ئەژمارناکرێت، بەڵام بیرۆکەکەیان لە هەستەکانی سیسمۆندییەوە سەرچاوە دەگرێت و هەمان تیۆر و بیروباوەڕ رادەگەیەنن. رەوشی توێژینەوەی سیسمۆندی، ئیلهام بەخشی قوتابخانەی مێژوویە. سیمۆندی بەپەنابردنەبەر سۆز و هەستەکان، لەگەڵ دڵسۆزی بۆ چینی کرێکار و رەخنەی لە سیستمی پیشەسازی و رکابەرێتی بێکۆت و بەندا، بانگهێشت بۆ دەستوەردانی دەوڵەت، پێشڕەوی سۆسیالیستەکانە. شیکاری بۆ قەیرانەکانی ئابوری و شیکارەکەی بۆ چڕبوونەوەی سامانەکان

لە دەستی سەرمایەداران و ڕەنجدەران بوونی پەیتا پەیتای جەماوەری زۆری کرێکاران، ئیلهام بەخشی مارکسە. هەر ئەمڕۆش زۆربەی سۆسیالیستەکان، بەڵگەکانی سیسمۆندی دووبارە دەکەنەوە، بەبێ ئەوەی کە ناوی سیسمۆندی بێنن.

پێشڕەویەکی دیکەی پەڕینەوە لە ئابوری کلاسیک لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد، سان سیمۆنە، هەڵبەتە بەشێوەی تایبەتمەندی و تایبەتی خۆی. سان سیمۆن زیاتر ئایدۆلۆژییکە، بۆچوونی ئابوری هەیە تا تیۆرسێنێکی ئابوری، بیرۆکەکانی ڕەنگدەرەوەیەکی جوانە بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازی نوێ، کە زادەی داهێنانی ئامێری و دۆزینەوە زانستییەکانە.

سان سیمۆن لە خانەدانە گەورەکانی فەرەنسا بوو، کە لە خەیاڵی هێنانەئارای ئینجیلی نوێ بوو بۆ دنیای نوێ. ساڵی (1814) تا مردنی وازی لە بەشی زۆری هەوڵە فەلسەفییەکانی خۆی هێنا، تاڕادەیەک یەکسەر سەرقاڵی شیکردنەوە و ڕونکردنەوەی بیروڕا کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی بوو. هزری بنچینەیی لە ستایشی سیستمی پیشەسازیدا ، لەو دەستەواژانەدا کە پاشان بە

«تەمسیلی سان سیمۆن» ناوبانگی دەرکرد، دەربڕدراوە: «ئەگەر وادابنێین فەرەنسا بە نائاگایی، پەنجا کەس لە یەکەم فیزیک زانانی خۆی، لە یەکەم کیمیازانانی خۆی، لە یەکەم ژینگەناسانی خۆی، خاوەن بانکەکان، بازرگانان و جوتیاران ... خۆی لەدەستبدات. چونکە ئەو پیاوانە، گرنگترین و بەرچاوترین بەرهەمهێنەرانی سامانی فەرەنسان ...، هەر لە ساتی لە دەستدانیانەوە، میللەت لەجیاتی پەیکەرێکی بێگیان دەبێت، یەکسەر لە بەرامبەر میللەتەکانی دیکە، کە ئێستا رکابەریانە، چۆک دا دەدات و لەدۆخی زەبونی و ژێردەستی دەمێنێتەوە، تا رۆژێک کە ئەو بەفیڕۆچوونە قەرەبوو بکاتەوە و سەرێکی نوێ لەسەر جەستەی بڕوێنێت. ... ئێستا دەچینە گریمانەیەکی دیکەوە. وادابنێین هەموو بلیمەتەکانی زانست، پیشەسازی، بازرگانی و هونەر بۆ فەرەنسا بمێننەوە، بەڵام لە رۆژێکدا بەماڵوێرانی لە دەستدانی پاشا، برای پاشا و ... (هەربەو شێوەیە تاڕادەیەک تەواوی ئەندامانی خانەدانی پاشایەتی فەرەنسا ناودەبات) گیرۆدە بێت و لە هەمان رۆژدا تەواوی گەورەکانی دەربار، وەزیرەکان، ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، باوەڕپێکراوەکانی

دیوان، فەرماندەکان، کاردینالّەکان، ئۆسقوفەکان، کەشیشەکان، تەواوی دەسەلاّتداری شارەکان و .... لە دەستبدات، بێگومان ئەو رووداوە هەموو فەرەنسیەکان خەمبار دەکات، چونکە کەسانی ناوبراو خەلّکانی باشن، بەلاّم لەدەستدانی ئەو سی هەزار کەسەی دەولّەت، ماتەم ناهێنێتەئاراوە، مەگەر لە روانگەی سۆز و هەستی مرۆڤایەتییەوە، چونکە لەدەستچوونی ئەوانە، زیانێکی گەورە بە ولاّت ناگەیەنێت». لە راستیدا حکومەتی فەرمی لە روانگەی سان سیمۆنەوە، وەک سەرخانە و کار و کاریگەری تەواو روالّەتییە، کۆمەلّگە دەتوانێت بەبێ ئەو درێژە بە ژیانی ئاسایی بدات، بەلاّم لەناوچوونی بیرمەندان، پیشەکاران، خاوەن بانکەکان و بازرگانان، کۆمەلّ ئیفلیج دەکات و سەرچاوەکانی ژیان و ساغلەمی وشک دەکات، بۆچی کە ئەوان بالاّدەستی راستەقینەی کۆمەلّگەن.

به بڕوای سان سیمۆن لەبارەی دەستوەردانی دەولّەتەوە، هاوڕای هزری باوی زەمانەیە: «هەموان پشتڕاستی دەکەنەوە، کە تاڕادەیەک تەواوی هەنگاوەکانی، کە دەولّەتەکان بە بانگەشەی خۆیان بۆ ئاوەدانی و دەولّەمەندی

کۆمەڵگە ناویانە، ئەنجامێکی جگە لە زەرەر و زیان نەبووە. بەو ئاڕاستەیەی هەموو بەو ئەنجامە گەیشتوون، کە گەورەترین خزمەتی حکومەتەکان بۆ بەختەوەری و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە ئەوەیە، کە چەندی کەمتر دەست لە کاروباری خەڵک وەربدات، بەڵام ئەو باوەڕە تا کاتێک راستە، کە حکومەت بەپێی سیستمی سیاسی ئێستایە و ئەگەر بیەوێت ئەو بە سەرۆکی رەها و گشتی بزانن، بێگومان هەڵە و ناڕاست دەبێت».

بەڵام سان سیمۆن لایەنگرانی لەگەڵ خەونی کۆمەڵگەی پیشەسازی تازەی خۆیان، لە بنەمای ئازادی دەپەڕنەوە. لایەنگرانی سان سیمۆن لە باتی شیکردنەوەی بیروڕای ئەوەوە دەڵێن: «نەک تەنیا ئێمە لەگەڵ ئەو باوەڕە کۆک نین، کە دەستوەردانی راستەوخۆ لە کاروباری کۆمەڵ، پێویستە رۆژ بە رۆژ بەرتەسکتر بێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە باوەڕمانوایە کە دەستوەردان و رێنمایی، پێویستە هەموو شتێک بگرێتەوە و لە هەموو شوێنێک هەبێت، چونکە بە رای ئێمە کۆمەڵگەی راستەقینە بریتییە لە زنجیرە». هەڵبەتە ئەوە زۆر لاڕێ نییە، بۆچی کە کۆمەڵگەی پیشەسازی سان سیمۆن لە راستیدا کارگەیەکی گەورەیە و رێسای زنجیرەیی

بەسەریدا باڵادەستە. «لە هەر کارگەیەکی گەورەدا، گرنگترین کار بە پلەی یەکەم بریتییە لە ڕێکخستنی کاروبارەکان و ریزبەندی هۆکارەکان بۆ دروستکردنی کاڵا، پاشان کۆکردنەوەی قازانجی خاوەن کار لەگەڵ قازانجی کرێکاران لەلایەک و قازانجی بەکاربەران لەلایەکی دیکەوە». لە روانگەی سان سیمۆنەوە «وڵاتی فەرەنسا گۆڕاوە بۆ کارگەیەکی گەورە و میللەتی فەرەنسا گۆڕاوە بۆ کارخانەیەکی گەورەی پیشەسازی» ئاشکرایە کە «لە کارخانەیەکدا، ئەرکی بەرگرتن لە دزی و بێسەروبەرەییەکانی ناوخۆ، یان بە دەستەواژەیەکی دیکە چاودێریکردنی کارگەکان، کارێکی تەواو مام ناوەندی و لاوەکییە، کە زۆرجار بە بەردەست و خزمەتکاران دەسپێردرێت» و هەر بەوشێوەیە کار و ئەرکی حکومەت لە کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی تەنیا پێویستە «پشتگیری خەڵکی کارا و بەرهەمهێن لە بەرامبەر کاری بێبەرهەم و نابەرهەمهێنی بێکارە، ئاسایش و ئازادی بۆ بەرهەمهێنانی سامان بپارێزێت». «لە سیستمی کۆمەڵایەتی کۆندا، بابەتی سەرەکی بڕیارەکان، پێدانی بژاردەی زۆر بە حکومەت و وەستاندنەوەی باڵادەستی چینەکانی باڵا بەسەر

چینەکانی خوارەوەدا بوو ... لە سیستمی نوێدا بەپێچەوانەوە، بابەتی سەرەکی بڕیارەکان، ڕێکوپێککردنی راشکاو و متوربەکردنی عاقڵانەی ئەو کارانە دەبێت، کە پێویستە لەلایەن کۆمەڵگەوە جێبەجێبکرێت، تا لەباری جەستەیی و ئاکارەوە، بارودۆخی ژیانی هەموو تاکەکان باشتر بێت». لە روانگەی سان سیمۆنەوە «پێویستە حکومەتی پەرلەمانی، وەک گوزەرگایەکی پێویست بەرەو سیستمی پیشەسازی لەبەرچاو بگیردرێت». هەڵبەتە پێویستە ئاشکرا بێت، کە لە کۆمەڵگەی پیشەسازی نوێی سان سیمۆندا لەگەڵ سیستمی لەوچەشنەی زنجیرەیی، ئیدی جێگەیەک بۆ دەستی شاراوە و تیۆری هەماهەنگی قازانجی تایبەتی و گشتی لە بازاڕدا نەبێت. ئەوانە رستەی بیرێکن، کە سان سیمۆن بەهۆیەوە لە کۆڕی ئازادیخوازانی ئابوریدا کە دەگاتە رای لایەنگرانی ئەوان ، جیادەکاتەوە و ئەو بە سۆسیالیستەکان و هزرەکانی ئەوان نزیکدەکاتەوە. سان سیمۆنیش وەک سیسمۆندییەکان خاوەنداریەتی تایبەتی بۆ هەڵناوەشێنرێتەوە، بەڵام فکرەکەی سەرچاوەی ئیلهامە بۆ سۆسیالیستەکان. بەجۆرێک کە زۆرترین کرێکاری سۆسیالیستەکان، سان سیمۆن

لەو دەستەواژەیەی جۆرج سورل دەدوێت:
«سۆسیالیزم خوازان چوو نەناو دروستکردنی سیسمتی کارگەکانەوە لە کۆمەڵگەدا. ... نەریتی دروستی کارگەکان، بێگومان سەرچاوەی موچەی داهاتووە».

سۆیالیزم نەک تەنیا میراتگری ئامێر و ئامێرەکان و زانست و هونەر دەبێت، کە سەرمایەداری هێناویەتەئاراوە، بەڵکو لە رێکخستی کار و رێکوپێککردنی هاوکاری، کە بەتێپەڕینی کات لە کارگەکان زیاتر لە کات و هێز و توانای مرۆیی ئاسایی، سودوەردەگرێت. ... هەموو کاروبارەکان لەسەر بنچینەی رێکخستنی کارگەکان، رێکدەخرێت کە بەردەوام لەگەڵ یاسای تەواوو بەبێ رۆیشتنی کات و بەبێ مەیلی خۆت لە خولانەوەدان».

**سەرچاوە:**


-روزنامه دنیای اقتصاد ( www.donya e eqtesad. com )

http://jahadeeghtesadi.rasekhoonblog.com/show/99031/

# تیۆره كلاسیكییه‌كانی سان سیمۆن و به‌جیهانیبوون

**له‌فارسیه‌وه : ئه‌رسه‌لان حه‌سه‌ن**

**پێشەکی**

ئەمڕۆ بەخێرایی و بەهۆی فراوانتر بوونی پرۆسەی بەجیهانیبوون، چوارچێوەی گونجاو و پاڵنەری جدی بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەو پرۆسەیە فۆڕمی وەرگرتووە. ئابوریناسان، سۆسیۆلۆژان، توێژەرانی کەلتور و تیۆرسێنانی زانستە سیاسیەکان، بیر لە دەوروبـــەری لایـەنـە جـۆراوجـۆرەکـانـی ئەو پرۆسە فرە رووە دەکەنەوە و بەرهەمی کار و توێژینەوەی پسپۆڕی، چەند تیۆرێکی پەیوەست بە سەرهەڵدان، گەشەکردن و خێرایی بوونی پرۆسەی بە جیهانیبوون و کاریگەری و ئاکامەکانی و چاوپێداخشاندنەوە و ئاسۆی بەرچاو لە ژیانی کۆمەڵایەتی، جیهانی هـاوچـەرخـە. تیۆرەکانی بەجیهانی بـوون، کە تایبەت نەبێت بـەوەی لە چەندین ساڵی ئەم دواییە خراونەتەروو، جیا لە تیۆرسێنانی هاوچەرخ، لە دەیەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەمیش لە پرۆسەی بەجیهانیبوون و هۆکاری بەشدار تێیدا قسەی لێوەکراوە، بەڵام رەگی راکانی خراوە روو سەدەی بیستەم دەبوایە لە تیۆرەکانی سۆسیۆلۆژانی کلاسیکی وەک دورکهایم(E.Durkheim)، مارکس(K.Marx)،

ڤیبێر(M.Weber) کە کەموزۆر لەوبارەیەوە بیریانکردۆتەوە، بۆی بگەڕێیت. ئەگەرچی راکانی ئەو تیۆرسیێنانە لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ بە بەجیهانیبوون پێناسەدەکرێت، زۆر جیاوازە، بەڵام قسە لە یەکبوونەکان و بەستراوەییەکان و گۆڕانی ستراکتۆری کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی، خاڵی شایانی گرنگیەتێکە، کە پێشتر ئاماژەیان پێکراوە.

تیۆرسینانی کلاسیک بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە پرۆسەی بەجیهانی بوونییان نەکۆڵیوەتەوە، چونکە چەمکی بەجیهانی بوون و پێکهێنەرەکانی وەک بەجیهانیبوون و جیهانگەرایی، زیاتر لە (1960) بە دواوە خراوەتە روو و پێناسەکراوە، لە (1990) بە جیهانیبوون بۆتە باوترین زاراوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان. (waters ،1998)، ئێمە ئەو چەمکانەمان کردە بناغەی تیۆرسیێنییە نوێیەکان، کە ئەوان پەرەیانپێدا و تیۆرەکەیان لەزۆر لایەنەوە جەخت لە هاوپەیوەندی و یەکبوونی هەرچی زیاتری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکەنەوە. لە وەسفکردن و جیاکردنەوەی ئەو تیۆرانە، کۆمەڵناسانی سەدەی (19) و سەرەتای سەدەی (20) پێگەی تایبەتییان هەیە.

# سان سیمۆن و روانینی زانستی، کۆمەڵایەتی، بەپیشەسازیبوون

لەفارسیەوە : ئەرسەلان حەسەن

سان سیمۆن کۆمەڵناسی فەرەنسی، ئەگەرچی لە خێزانێکی خانەدان لەدایکبووە، بەڵام سالآنی کۆتایی تەمەنی بە هەژاری بردەسەر. لەگەڵ ئاشنابوونی لەگەڵ رۆسۆ، فێری هزری سەرەکی فەیلەسوفەکانی سەردەمی رۆشنگەری فەرەنسا بوو، رێگای رزگاری مرۆڤایەتی گرتەبەر.

ئەو کە روانگەکانی ئینتەرناسیۆنالیستی هەبوو، لەوباوەڕەدابوو، کە رەفتاری هێزە هاوشێوەکان، ئەفرێنەری هۆکاری لاوازی ئاست و سنورەکانی سیاسی و کەلتور بووە و کۆمەڵگەیەکی جیهانی پێکدێنێت. زانستی کۆمەڵ و بە پیشەسازی بوون لەم رەوتەدا دوو وتەزان، کە کاریگەرن بە پرۆسەی بەجیهانی بوون (Holton, 1998:122).

سان سیمۆن پێیوابوو، کە نیوتن بە روانینی زانستی و ئاشکراکردنی ستراکتۆری دنیا راگەیشتبوو و سیمبولە دووبارە بووەکانی لە سروشتدا خستبووە بەر بینین و لێکۆڵینەوەوە، دەکرێت ستراکتۆری کۆمەڵگە و یاسا بالآدەستەکان لەسەری ئاشکرا بکەیت. ئەو جەختی لەسەر پێویستی دەرکەوتنی تێڕوانینی زانستی لەبارەی ئۆرگانیزەکردنی

لایەنی کۆمەڵایەتی دەکردەوە. بە باوەڕی ئەو کۆمەڵگە وەک ئۆرگانیزمی زیندوو پێکهاتووە و گەشەدەکات و دەبوایە دەستی بە تێگەیشتنی ئەو گەشەیە (گۆڕانی کۆمەڵایەتی) و هۆکارەکانی سەقامگیری کۆمەڵایەتی (ڕێسای کۆمەڵایەتی) بگەیشتایە و یاساکانی ئۆرگانیزەکردن و سەقامگیری کۆمەڵایەتی شیبکاتەوە. لەو ڕوانگەیەوە بینینی سیمبولەکان لە قۆناغێکی دووردرێــژدا، پێویستە لە تیۆرێکی گشتی مێژوویی لەدەوری یەک کۆببنەوە، بۆئەوەی بتوانن هۆکارە بنچینەییەکانی گۆڕانی مێژوویی لە ڕابــردو، ئێستا و داهـاتـوو جیابکەنەوە. پێویستە هۆکاری ڕووداوەکانی داهاتوو، پێشتر هەبێت و کۆ پەسەندی تەواونەبوو، ئاکامێکی ناچارییە.

زانستی کۆمەڵایەتی لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە شێوازی شارستانی و گەڕان بە دوای پرۆسەکانی گــۆڕان، سیمبولەکان و یاسا باڵادەستەکان بەسەر ئۆرگانیزەکردنی کۆمەڵایەتی بە یارمەتی بینینەکان ئاشکرادەکات، نەخشەی ستراکتۆری کۆمەڵگەکان و ڕەوتـی مێژوو، لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکێشێت.

لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگەکان لەسەربنەمای زانست، بریتییە لە سودوەرگرتن لە مێژوو، بینین و گەڕان بەدوای ڕێسا و سیمبولەکان. لەو روانگەیەوە زانستی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و بەبێ سەرنج لە پەیوەندییە کەلتوریەکان تاوتوێدەکات و رۆڵی گرنگ دەبینێت لە یەکگرتنی مرۆڤەکاندا.

بە تەنیشت ئەوکارەوە، ڕێسای پیشەسازی بەبنەمای دابەشکردنی زانستی کار، بۆ ئۆرگانیزەکردنی دووبارەی کۆمەڵگە، دەزانی. لەم روانگەیەوە بۆخۆی بۆ توێژە کۆمەڵاتیەکانی سازگار دابەشدەبێت، ئەزموونگەرێتی کە پشتی بە لێکۆڵینەوەی زانستی یاساکان و ڕێساو عەقڵ بەستووە، چینە کۆمەڵایەتییەکان دیاریدەکات. سیمۆن روانگەی زنجیرەیی بۆ کۆمەڵگە هەبوو، چینی شایستەی بە رۆشنبیران، پیشەکاران، دادوەر و ... دەزانی، روانینی ئەزموونگەرایانەی بۆ کۆمەڵگە و دابەشکردنی کار، جۆرێک ڕێسای پیشەسازی ئۆرگانیزەکردنی دەنواند(Delaney, 2003). لە روانگەی سان سیمۆن، بەپیشەسازی بوون بۆخۆی پرۆسەی فراوانبوونی داواکارییە و فراوانبوونی پرۆسەیەک لە کۆمەڵگەی

نائەورووپی، فێربوونی کەلتوری ئەورووپی بە دوادا دەبێت، بۆیە پیشەسازی و ئابوری لە خزمەت یەکبوونی کەلتوریدایە و بەمەش لە خزمەت فۆرمۆلەبوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەبن.

رونیای کۆمەڵگەیەکی بەرنامەڕێژکراو و کۆمەڵایەتی نێودەوڵەتی لەخەیاڵدابوو، داکۆکی لە گەشەی تەکنەلۆژیاو بە پیشەسازی بوون دەکرد. بە باوەڕی ئەو، سەرئەنجام تێکڕای کۆمەڵگە بۆ دروستکردنی کۆمەڵێکی جیهانی یەکدەگرن، دەبێت رێنماییەکانی کۆمەڵی فۆڕم گرتوو لەلایەن چینی شایستە و نوخبەکان ئەنجامبدەن، بۆچی کە خەڵکی ئاسایی لە کۆمەڵی جیهانی لە بنەمای زانست ناگەن. بەپیشەسازی بوونی زانست، رەنگدانەوەی لۆژیکی بێ دەرەتانی جیهانگەرایی و هاوپەیوەندی پێشکەوتووی جیهانیین(Watres 1995:5,) .

کۆمەڵگەیەک کە ئەو مژدەی دەدات، جەختی لەسەر پێویستی بوونی رێسا، دیسپلین، کارایی، کۆنترۆڵی هەموان بەسەر ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و ئازادی لەسەرخۆی ژنان دەکردەوە. رای

لایەنگرانی سان سیمۆن، کاریگەری بەرچاوی بە تایبەت لەسەر روانینی سۆسیالیستی دوای ئەو بەجێهێشتووە.

**سەرچاوە:**

http://anthropology.ir/node/3132

# گرنگییەتی سانسیمۆن
# لە مێژووی ئابوریدا

**لەفارسیەوە : ئەرسەلان حەسەن**

بیرووباوەڕی سان سیمۆنییەکان، تێکەڵەیەکی سەیر لە خەیاڵپڵاوی و حەقیقەتە دۆزینەوەی دۆزییە. سۆسیالیستەکەیان، هەرگیز سەرنجیان لەسەر هەموو خەڵکی نییە، بەڵکو بەردانگی چینی رۆشنبیری کۆمەڵگەیە، مەعریفەتی لە ژیانی کرێکاری ئیلهامی وەرنەگرتووە، بەڵکو سەرچاوەی تێبینی و تێگەیشتنی دەرونی زۆر راستی رەوتە گەورەکانی ئابوری سەردەمەکەیانە.

دوای ناکۆکی قوتابخانەکان، ئەوە دەبینرا پێشەوایانی سان سیمۆنی پشکی کاریگەرییان لە ئیدارەی ئابوری فەرەنسادا پەیدا کردووە و چونەتە رەوتی گرنگترین کاری دارایی، بازرگانی و پیشەسازی ئەوکاتەوە. برایانی فریە لە (1863) بانکی بودجەی گوازراوەیان، کە نمونەیەکی تەواوی کۆمپانیا گەورە بازرگانی و داراییە هاوچەرخەکان بوو، دامەزراند. ئەنفانتین بووە هۆکاری گەورەترین کۆمپانیای هێڵی ئاسنی ناسراو بە ب. ئێڵ. ئێم (چاریس، لیۆن، مارسیل)، هەروەها یەکەم کۆمپانیای کەناڵی سوێسی دامەزراند. میشێل شوالییە لە قوتابخانەی باڵای کۆلێژ دی فرانس، لە داهێنراوە ئابورییەکانی دەوڵەت و چاودێریکردنی ئەو لە جێبەجێکردنی

کارە گەورەکانی خانوبەرە و بەرژەوەندی گشتی پشتیوانی دەکرد، گرێبەستی بازرگانی (1860) ی لەگەڵ بەریتانیا رێکخست، کە بووە دەستپێکی قۆناغی ئازادی بازرگانی دەرەکی لە فەرەنسا. بەهەمانشێوە لەوانەیە ناوی زۆربەی دیکەی سان سیمۆنەکان بهێنین، کە لە مێژووی ئابوری سەدەی (19) هۆکاری کاریگەر بوون.

بە تایبەت ئەوان پێشبینی پێگەی پلەی یەکەمی بانکە گەورەکان و دامەزراوەکانی سەنترالیزەبووی پیشەسازییان لە ئابوری نوێدا دەکرد. لە راستیدا بانکە گەورەکان، سەرچاوەی پێسپاردنی پارەی خەڵک، بە کردەوە و بەبێ دەستبردن بۆ مافی خاوەنداریەت، بۆتە خەزێنەی سەرمایەی گەورە و بەهۆیانەوە سەرمایە دەخرێتە هەزاران رەهەندی بازرگانییەوە. ئەمڕۆ تەنانەت هەندێک نوسەر، کە هەرگیز سۆسیالیست نین، لۆمەی بانکەکان دەکەن (بەتایبەت لە فەرەنسا)، کە لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە زۆر گرنگن، واتە رێکخستنی بودجەی پیشەسازی و هاندان و برەودان بە پیشەسازییەکان، کە سان سیمۆنییەکان بۆ ئەوان پێشبینییان کردووە و سروشتی کارەکانیان خراوەتە ئەستۆ،

بەوچەشنەی کە پێویستە و لەوانەیە بوێری پیشاننەدەن.1 بینینی رۆڵی زۆرو کاریگەری بانکەکان و دامەزراوە داراییەکانی نێودەوڵەتی، لە سەردەمی گەڕانەوە (رستوراسیۆن)، بۆ پێدانی قەرز بە دەوڵەتە ئەورووپیەکان، کە دوای (20) ساڵ جەنگ ناچاربوون قەرزبکەن و پەیوەندی کەسی و خێزانییان لەگەڵ خاوەن بانکەکان وایکرد، کە سان سیمۆنەکان بەباشی لە پێگە و گرنگییەتی متمانەداری ئابوری نوێ بگەن.

لەوانە دروستتر، تێگەیشتنیان لە پێویستی ئیدارەی چەقگیرتری کاروباری ئابوری، کە بتوانێت بەرهەمهێنانی سامان باشتر لەوەی رکابەریتی بێ بەندوباو ئەنجامدەدات، هاوتای پێویستیەکانی خەرجی بکات. تەنیا دەوڵەت بەرهۆدەی ئەو ئەرکە نابێت. هەروەک دەبینین ئەمرۆ بە بەرچاومانەوە رێککەوتنەکان و سازشەکانی نێوان کارگەکان ئەنجامدەدرێت، فرۆشگای گەورە و یەکیەتییەکانی بەرهەمهێنەران دادەمەزرێت، کە هەمیشە یەک ئامانجییان هەیە، واتە دوورکەوتنەوە لە زیان و ناتەواوی رکابەریتی بەهۆی پێشبینی و یەدەک و چڕبوونەوەی عاقڵانەی کاروبارەکان. ئەو

ڕێکخستنەش تائاستێک جێبەجێکردنی کارێکی دیکەی تیۆرەکانی سان سیمۆنییەکانە.

ئەگەر بەوشێوەیە کاریگەر و دزەکردنی کەسییان بۆناو مێژووی ئابوری جێگەی سەرنج بووبێت، پێویستە دانیپێدابنێین، کە لە هزرەکانیشیاندا بنج و بناوانی تاڕادەیەک هەموو بیرو باوەڕەکان، یان دروستکەر، دروست، یان نادروست، کە دیاریکراوی سۆسیالیزمی سەدەی (19)یە، دەبینرێت. بە وتەی لرمینە (Lerminier) ی فەیلەسوف، کە سەردەمێک لەگەڵیاندابووە، باوەڕی سان سیمۆنییەکان پێشەکی، یان پێشەکی کتێبی سۆسیالیزمە. سەرەتا جێگەی سەرنجە، کە لە وتەکانیاندا کۆمەڵێک دەستەواژە و دروشم دەبینین، کە لە بەرهەم و ئەدەبیە کۆمەڵایەتییەکان دەبن بە بەشێک لە ئەوانی دیکە. دەستەواژەی «چەوسانەوەی مرۆڤ بەهۆی مرۆڤەوە» تا (1848)، هەمووان پەسندییان بوو. وشەکانی «خەباتی چینایەتی» کە دوای مارکس جێی دەگرێتەوە، لە راستیدا بێجگە لەوە چەمکێکی نییە. ئەوان پێش لوی بلان لە «ڕێکخراوی کار» باسیاندەکرد و پێش مارکس زاراوەی «ئامێری کار»یان بۆ سەرمایەکانی گوازراوە

و نەگوازراوە بەکاردەهێنا. سان سیمۆنییەکان تەنانەت سودوەرگرتن لە تیۆری قازانجی خاوەنداریانەی زەوی، پاشان دەبێتە جێگە سەرنجی سۆسیالیستەکان، پێشبینی کردووە و پێش هانری جۆرج باسی «پێویستە رۆژێک بارودۆخی خاوەن زەوی لەگەڵ تیۆرەکانی مالتۆس ریکاردۆ هاوتا بکرێت» و «زیادەی داهاتی زەوییە بەپیتەکان بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگە تەرخاندەکرێت». بە زیادکردنی بەرهەمەکانیان پێشنیازو نەخشەکانی دیکە دەبینرێت، کە هەرگیز لایەنی سۆسیالیستی نییە: بۆ نمونە بیرۆکەی بەشدارپێکردنی کرێکاران لە قازانجی کارگەکان، تا ئەوجێیەی کە ئێمە ئاگادارین، بۆ یەکەمجار لە وتارێکی رۆژنامەی «بەرهەمهێنەر» باسیکراوە. هەرچەند زیاتر «شرۆڤەی باوەڕەکانی سان سیمۆن» تاوتوێدەکەین، زیاتر لە دەستپێشخەری و پێشبینیەکانی، شایستەیی و فەرامۆشکردنی ناڕەوای کە بەریکەوتووە، سەرسامدەبین. ئەنگڵس لەبارەی سان سیمۆنەوە وتویەتی: «بلیمەتی عەقڵی بەوچەشنەیە، کە بنج و بناوانی تاڕادەیەک تێکڕای باوەڕەکانی، بە تایبەت نائابورییە کۆمەڵایەتییەکانی داهاتوو لەلای ئەو کۆکراوەیە».

مەبەست لە باوەڕ «بەتایبەت ئابوری» کە بە باوەڕی ئەنگڵس، سان سیمۆن نەی بووە، هەمان تیۆری مارکسیستی «زێدەبایی»ە، کە بە ڕای ئێمە ئەوە بۆ ئەو، نەک تەنیا خەوش و کەموکوڕی نییە، بەڵکو لە رووی چاکەیە کە سۆسیالیزم لەسەر بنچینەی تیۆری ناڕاست و تێکەڵاو بە هەڵەی بەها بینانەکردووە، لە مەیدانی راستەقینە و لە بنچینەدا کۆمەڵایەتی دایناوە. ئیمتیازی سان سیمۆنییەکان تەنیا بە وتەکان و دروشمە تازەکانیان نییە. لای ئەوان هەرلە ئێستاوە دەتوانرێت تەواوی ناڕەزاییە گەورەکانی لایەنی بۆچوونەکان، کە لە سەدەی 19 کۆمەڵایەتیەکان و ئابوریەکان دەخاتە بەرامبەر یەک، ئاشکرا کرد، ناڕەزاییەک بەوچەشنە قوڵە، کە زۆرجار رێگرە لەبەردەم تێگەیشتن لە بەرامبەرەکەیان، وەک بڵێی لەگەڵ دوو زمانی جیاواز قسەدەکەن: هەوڵدەدەین رایەی ناڕازی بەرامبەر روونبکەینەوە، لەوانەیە بۆخوێنەر لەو بازاڕە پێچاوپێچی بیروباوەڕ و راکان، لە کاتێکدا کە لێکجیابوونەوەی نێوان دوو رەوتی گەورەی فکری ئەنجامدەدرێت، رێنمایی بێت. ئەلف – ئادەم سمیس، ریکاردۆ و ژان باتیست سێ قەڵەمڕەو و زانستی ئابورییان بەشێوەیەکی راشکاو و ورد لە

قەڵەمڕەو ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی جیاکردۆتەوە. خاوەنداریەت وەک پێشتر وتمان، بە ڕای ئەوان کارێکی کۆمەڵایەتییە، کە بەبێ باس و ناڕەزایی قبوڵیدەکەن.2 ڕووی دابەشکردنی و گواستنەوەی، هۆکارەکەی و دەرئەنجامێک، کە سەرچاوەی لێدەگرێت، لە مەیدانی باسەکەی ئەوان بەدەرە. مەبەستییان لە دابەشکردن و دابەشکاری سامان تەنیا دابەشکاری داهاتی ساڵانەی نێوان هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی سامان، چاوپۆشین لە لایەنی کەسی و مرۆڤایەتییە. ئەوان دەیانەوێت بزانن، کە نرخ و نرخی مۆڵەتی زەوی و نرخی حەقدەست، بەچ شێوەیەک دێتەئاراوە. تیۆری دابەشکردنی سامانیان، جگە لە تیۆری قیمەتی خزمەتگوزاری شتێکی دیکە نییە و ئاوڕ لە کەس و تاکەکانی ناداتەوە. بەرهەمی کۆمەڵایەتی بەپێی ڕای ئەوان، بەگوێرەی یاسای پێویستی نێوان سێ هۆکاری زەوی و سەرمایە و کار دابەشدەکرێت. هەندێکجار ئەوان بە ئاڕاستەی ئاسانکاری دەربڕین (کاتێک کە باسی خاوەنداران و سەرمایەداران و کرێکاران دەکەن) کەسایەتی بەو هۆکارانە دەدەن، بەڵام لە ڕاستیدا بنچینەی بیریان هەمان ناکەسی بوونی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانە.

دیاریکردنی ئەو خاڵەیە، کە لە نێوان تاکەکانی مرۆڤایەتیدا بە چ شێوەیەک خاوەندارێتی دابەشکراوە؟ بۆچی هەندێک کەس خاوەندارن و ئەوانی دیکە نین؟ بۆچی ئامێرەکانی کار و بەرهەمهێنانی سامان، واتە زەوی و سەرمایە لەبەردەست ژمارەیەکی دیاریکراوە؟ بۆچی داهاتی کەسەکان کە لە دابەشکردن و دابەشکاری بەرهەم دەکەوێتەوە تا ئەوئاستە نایەکسانە؟ کۆمەڵایەتییەکان لەجیاتی تێبینی هۆکارەکانی تێکڕایی و رووت، هۆکارەکانی مرۆڤایەتی بەرهەمهێنانی سامان، واتە کەسە زیندووەکان کاردەکەن و قازانج دەکەن، یان باشتر بڵێین، چینە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵە پەیوەندییەک، کە مافە بابەتییەکانی کۆمەڵگە لە نێوانیاندا بڕیاری لێدرابوو، لەبەرچاودەگرن. ئەو دووانە شێوازی تێگەیشتنی جیاوازە لە رێکخستنی و دابەشکردنی سامان، یەکیان تەنیا ئابوری و ئەوی دیکەیان لە بنچینەدا کۆمەڵایەتی، لە مەسەلە تێکڕا جیاوازەکانەوە سەرچاوەدەگرێت، بەدرێژایی سەدەی (19)، شان بەشانی یەکتر دەمێننەوە، بەبێ ئەوەی زۆرجار سەرنجی بچێتەسەر دیاریکردن و لێکجیابونەوەیان.

ب- لایەنێکی دیکەی بنچینەیی ناکۆکی شێوازی تێگەیشتنی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە ناکۆکی نێوان بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی تایبەتییە.

زانایانی ئابوری کلاسیک قازانجی بەکاربەران، بە قازانجی گشتی و لە بەرامبەریدا قازانجی بەرهەمهێنەران بە قازانجی تایبەتی دەزانن، بەڵام سان سیمۆنەکان و دوای ئەوان هەموو سۆسیالیستەکان، ناکۆکی نێوان کرێکاران و سەرمایەداران دەخەنە ژێر سەرنجەوە. قازانجی گشتی بە رای ئەوان بریتییە لە قازانجی کرێکاران و قازانجی کەسی هەمان قازانجی بێکارانە، کە بە خەرج و زیانی کرێکاران دەژیین. ئەنفانتین دەڵێت: «ئێمە تا ئێستا چەندینجار خەوشی دابەشبەندی ئابوریەکانی هاوچەرخمان روونکردۆتەوە. ناوەڕۆکی بەرهەمهێنەران و بەکاربەرانی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بەوجۆرەی، کە پێویستە و رەنگە روونناکاتەوە، چونکە خەسڵەتی بە دیاری جیاکردنەوەیان کارو3بێکارانە.» ئەنجامی ناکۆکیەکی لەوچەشنە لە لایەنی بۆچوونەوە، ناکۆکی بیروڕایە لەبارەی رێکخراوی کۆمەڵایەتی، بە باوەڕی ئابورییەکان،

ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی دەبێت بەسەرنجدان بە بەرژەوەندی بەکاربەران ڕێکبخرێت و کاتێک قازانجی گشتی دابیندەکرێت، کە بەکارهێنەر رازی بێت، بەڵام بە رای کۆمەڵایەتییەکان پێویستە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی هاوتای قازانجەکانی کرێکاران بێت و بەرژەوەندی گشتی کاتێک دابیندەبێت، کە ئەوان بتوانن پشکی راستەقینەی خۆیان لە بەرهەمی کۆمەڵایەتی، کە بە ئاستی باڵای مومکین پێشکەوتبێت، وەربگرن.4

ج- سەرئەنجام، دوا ناکۆکی کە گرنگیەتییەکەی لە ئەوانی دیکە کەمتر نییە ئەوەیە، ئابوریناسانی کلاسیک هەوڵدەدەن هەموو ئاڵۆزییە رواڵەتییەکانی سەپاندنی تاکڕەوی مرۆڤ بۆ یاسا زانستییە جێگرەکان بگێڕنەوە و وەک لەو رەوشەدا دەگەنە ئەنجام، بەچەشنێک هەماهەنگی قازانج و هاوسەنگی کارەکان قوڵدەبنەوە، کە لەهەرجۆرە ریفۆرم و دەستبردن بۆی درێخی دەکەن. بۆ ئەوان هەرئەوە بەسە، کە سەلماندییان: هێزەکان و هەوڵە کۆمەڵایەتییەکانی خۆکاری وەک رکابەرێتی، خۆخوازی کەسی سنوردار دەکات و بە تێپەڕینی کات بەهۆی سەرکەوتنی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی بڕیاردەدات. ئیدی بیر لەوە ناکەنەوە، کە ئایا

ناتوانرێت ڕەفتاری توندوتیژیانەی ئەو هێزانە کەمبرکرێتەوە، ئایا ناشێت چەرخەکانی دەزگا پەنهانەکان و ئۆتۆماتیکەکان کە ئاشکرایان کردووە، بۆتە مێو و ڕۆنی کار تا بە نەرمی زیاتر کاربکات.

بەپێچەوانەیان سان سیمۆنەکان، کە پێویستە لەو بابەتەدا سان سیمۆندیەکانیشیان بخرێتەسەر، لە سستی ڕەوتەکە، لە نەزانی، هەروەها دەکەونە ژێرکاریگەری توندوتیژی کار و بێویژدانی هێزە کۆمەڵایەتیەکانی خۆکارەوە، بەمەش دەیانەوێت لەجیاتی ئەوان لەلایەن کۆمەڵگەوە کاردانەوەی ئیرادی و هەڵسەنگێندراو و لۆژیکی پیشانبدرێت. ئەوان لەبەرامبەر ڕواڵەت نوێنی سیستمی ئابوری و سارێژکردنی خۆکاری قازانج، سارێژکردنی گرێبەستی، یان بە وتەی ئالی هالی ڤی سارێژکردنی ساختەیی خۆیان دەخەنەروو، بە خۆشەویستی و گەرم و گوڕییەوە هەوڵی جێبەجێکردنی دەدەن. هەر لێرەیە هەوڵی لە ژمار نەهاتو بۆ ئاشکراکردنی دەزگای نوێ، کە بتوانێت جێگەی دەزگای ئۆتۆماتیکی بگرێتەوەو هەر لێرەوە نەخشەکان، پێشنیازەکان زۆرجار منداڵانە بۆ ڕێکخستنی هەماهەنگکردن و هاوکار یارمەتیدەرکردنی هێزە ئابورییەکان. ئەو هاوکارییە

بە ناچاری بڕیار بە شکان، باشترین قەڵغانەکان دەداتە دوژمنانی سۆسیالیزم تا شەڕی پێبکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو هاوکاری و داهێنانە بێئەنجام نامێننەوە، تەنانەت هەندێکییان لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی داهاتوو زۆر کاریگەر دەبن.

ئەو ناکۆکیانەی نێوان زانستی ئابوری لەلایەک و سۆسیالیزم لەلاکەی دیکەوە، بۆ یەکەمجار بە توونترین روو لە باوەڕی سان سیمۆنیەکاندا دەرکەوت. راستە کە قوتابخانەکەیان لە گاڵتەپێکردنی سەردەم سڕایەوە و سەرسامکاریەکانی ئەنفانتین بانگەشەی ئەوانی لە کاتێکدا کە قوتابخانەی فوریە گەشەیدەکرد، بڕی. لەگەڵ ئەوەشدا لە مێژووی زانستدا ئەوەی گرنگە پێشکەوتنی باوەڕ و بیرە و لەو رووەوە بە رای ئێمە، بێگومان قوتابخانەی سان سیمۆنییەکان یەکەمین و رەوانترین و جێبەجێکارترین دەربڕینی باوەڕ و بیر و هەستەکانە، کە سۆسیالیزمی سەدەی (19) پێکدەهێنێت.5

هەر لێرەدا نهێنی دزەکردن و کاریگەری قسەکانیان لە هەندێک لە بەهێزترین عاقڵانی ئەوکاتە ئاشکرا دەبێت. ئەوەندە بەسە لێرەدا ناوی لامنە6 و سنت بۆف7 وەک نمونە بێنینەوە تا

دەرکەوێت، کە دەسەڵاتی راکێشەریان لە خاوەن بیران بە گشتی جیاواز، هەرچەند لە چوونەپاڵی تەواو و بۆ قوتابخانەکەش خۆیان بە دوور گرتبێت، تاچەند بناغە بووە.8

**پەراوێزەکان:**

1. ئەنفانتین دەڵێت: «لە هەر کۆمەڵگەیەک، کۆمەڵێک خاوەنی ئامێرەکانی کار و پیشەسازین، بەڵام هونەر، یان ئارەزوی کارپێکردنان نییە، بەپێچەوانەوە هەندێکی دیکە پیشەگەر و هونەرمەندن، بەڵام شمەکەکانی کارکردنیان نییە. ئامانجی متمانە ئەوەیە، کە لەگەڵ ئاسانترین هەلومەرجی شیاو، شمەکەکان لە دەستی یەکەم وەربگرینەوە و بیانخەینە بەردەستی دووەم» ئابوری سیاسی و سیاسەت (Economie politique etpolitique) ل53. لەو مێژووەوە تائێستا لەوە باشتر پێناسەی متمانە نەکراوە.

2. «زۆربەی ئابوریناسان بە تایبەت ئەوانەی پووختەی هەمویان، ژان باتیست سی، خاوەنداری وەک کارێکی جێگیر و هەبوو لەبەرچاودەگرن، هەرگیز سەرچاوەکەی گۆڕانی، تەنانەت سودمەندی کۆمەڵایەتیەکەی ناخەنە بەرباس... لێکۆڵینەوەی ئابوری ناسانی ئنگلیز، تەنانەت پێش ئەوان دوور لە تێگەیشتنی واقعیەتی کۆمەڵایەتییە». سان سیمۆنەکان لەو بڕیارە تەنیا سیسمۆندی و توروگورا ریزپەڕدەکەن.

3. بیرمان نەچێت، کە سان سیمۆنییەکان مانای فراوانیان بۆ لەبزی «کار» داناوە و تەنیا تایبەتی ناکەن بە کرێکارانەوە، بەڵکو خاوەنکارانی هونەرپیشە، ئەندازیاران و...تاد دەگرێتەوە.

4. دیسانەوە ئەنفانتین لە پێشەکی کتێبی «ئابوری سیاسی و سیاسەت»(ل6) دا دەڵێت: «پێویستە تەواوی مەسەلە ئابورییەکان بۆ بنەمایەکی هاوبەش بگەڕێندرێنەوە... و بۆ داوەری لەبارەی سودمەندی ڕێکخستنێک و یان هزرێکی ئابوری دەبێت ببینین، کە ئایا ئەو ڕێکخستن، یان ئەو هزرە ڕاستەوخۆ کەڵکی بۆ کرێکاران هەیە و ئایا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مومکینە لە ریفۆرمی دۆخ و چارەنوسییان لە بەرامبەر بێکاری ئەوان کاریگەر بێت یان نا؟» بۆ ئێمە تەنیا خۆشحاڵییە، کە لەو بابەتەدا بابەتی بیروباوەڕی ئالی هالی ڤی ElieHalèvy لە وتارێکی سەبارەت بە سان سیمۆن (Revue du mois, December 1907) هـاوڕای خۆمانی دەبینین. نوسەری ناوبراو ئەو تیۆرە بە خەسڵەتێکی تایبەتمەندی قوتابخانەی کۆمەڵایەتی سان سیمۆنی دەزانێت. وەک روونمان کردەوە تایبەتمەندیەکی دیکەی لای کەم، بە هەمان رادە گرنگی قوتابخانەی ناوبراو هزری سەقامگیری حکومەت بەسەر شتەکانەوە لەجیاتی حکومەتکردن بەسەر کەسەکانەوەیە.

5. ناکرێت لێرەدا ئاماژەیەکی تایبەت بە کتێبی بچوک و شایانی دەستخۆشی ئەنتوان منگر (1886) بە ناوی «مافی کرێکار بەسەر تـەواوی بەرهەمەکانی کـارەوە» نەکرێت. (Das recht auf den vollen Arbeitsertrag, trad, franc. Paris, 19000) گەڕانەوە بۆ ئەو کتێبە بۆ مێژووی سۆسیالیزم پێویستە، هەروەها پێویستە جارێکی دیکە لە ژێر ناونیشانی «شێوازەکانی سۆسیالیست» (Pareto, Les Systèmes socialistes (paris, 1902, en 2 volumes)) ناوی کتێبی پارەتو بێنین. کە لە جوانترین سەرچاوەی رەخنەیی (بەڵام نەک بێلایەنترینیان)

سەبارەت بە سۆسیالیزمە. هەروەها کتێبی بۆرگون Bourguin بەناونیشانی (شێوازەکانی سۆسیالیست و گۆڕانی ئابوری Les (Systèms socialistes et levolution èconomique (پاریس 1906) ناوەڕۆکی لەسەر زاناترین رەخنەکانی لە باوەڕی ئابوری سۆسیالیستەکانە. سەرئەنجام تازەترین کتێبی ئەفتالیۆن Aftalion بە ناوی بنەماکانی سۆسیالیزم پێویستیشە بیربهێنینەوە، کە لە ساڵی 1923 لە پاریس بڵاوکراوەتەوە و تێبینی و خاڵی زۆر نوێی تێدایە و وردە.

6. (1854) (Felicitè, Robert) (1782-Lamennais فەیلەسوفی فەرەنسی، کە پێشتر داکۆکیکاری سەرسەختی دەسەڵاتی خوایی بووە، پاشان بووە بانگەشەکەری بیری شۆڕشگێڕی.

7 (1869 (Charles-Augustin) Sainte-Beuve- 1804)) نوسەر و رەخنەگری ئەدەبی ناسراوی فەرەنسا.

8. سانت بۆڤ لە نامەیەکدا بۆ بوشە Buchez دەنوسێت: «هۆگریم بۆ تێکڕای جوڵانەوەی سان سیمۆنی دەربڕیووە، نەک بۆ هەموو رێوشوێنەکانی کە لەوانەیە، هێشتا هەروەک کە پێویستە لە زەینمدا نەچەسپیووە». (گەرانەوە بۆ نوسینەکانی سانت بۆڤ، لە بڵاوکراوەکانی ژان بونەرو « JeanBonnerot»، بەرگی سێیەم، لاپەڕە 1939) و هەروەها لە بارەی کاریگەری بیروڕاکانی سان سیمۆنەکان لە سانت بۆڤ، بگەڕێوە بۆ کتێبی سەرنجڕاکێشی ماکزیم لارۆی بەناوی «سیاسەتی سانت بۆڤ» Maxime Leroy, La politique de Saint-Beuve لاپەڕەکانی 29 تا115.

# كلاود هنری دی سان سیمۆن

**لەفارسیەوە : ئەرسەلان حەسەن**

سان سیمۆن ساڵی (1825) هاتۆتە دنیاوە. کەسایەتیەکی ئاڵۆز بوو، چونکە هاوکات رۆژنامەوس، ئابوری زان و دەلاڵی پیشەیی بوو، کە لە مامەڵەی گۆڕینەوەی پارەدا، لە هەلومەرجی زەمەنی خۆی، سامانێکی زۆری دەستکەوت. سیمۆن ژیانێکی پڕ رووداوی هەبوو. سەرەتا بەشداری شەڕەکانی سەربەخۆیی ئەمەریکای کرد، پاشان لە ئەوروپا لە رەوتی جیهانی مادده و نرخەکانی کۆڵییەوە. کاتی شەڕی فەرەنسا لە گەنگەشەی سیاسی بەدوور بوو، بەڵام سەرقاڵی مامەڵە و کڕین و فرۆشتنی مولکو ماڵی کڵێسا بوو. ماوەیەکی کەم زیندانی کراو دوای ئازادبوونی، دەستیکرد بە خوێندنی هونەری پزیشکی و ئەندازیاری. هەر ئەو سەردەمە کۆمەڵێک فەیلەسوف و بیرمەندی ناسی و بۆ دەربڕین و بڵاوکردنەوەی بیرۆکەکانی قەڵەمی بە دەستەوەگرت و دەستی بە نوسین کرد. سامانێکی زۆری، کە بە میرات لە باوکی گرتبوو، لە ماوەیەکی کەمدا خەرجی کرد و تووشی نەبوونی بوو، بەڵام دەستی لە ئایدیالەکانی خۆی هەڵنەگرت. سیمۆن پێیوابوو، کە پەیامێکی باڵای مرۆیی و ئەخلاقی بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی هەیە. لەسەرەمەرگیش ئەو ئامانجەی خۆی لەبیرنەکردوو، وتی: «ئایدیاڵێکی

بالا له تـهواوی ژیـان هاندەر و جوڵێنەرم بـووە: دابینکەری هۆکارەکانی رەنـگدانـەوە و گەشـەی ئازادی تواناکانی تاکەکانی مرۆڤایەتی» سان سیمۆن له ساڵی (1860) به یەکجاری چاوی لێکنا.

## بەرهەمەکانی سان سیمۆن

سـان سیمۆن کۆمەڵێک بەرهەمی له دوای خـۆی بەجێهێشتووە لـەوانـە: گەڵاڵەپێشنیاری «ئینسکلۆپیدیایەکی تازە»، «نامیلکەیەک لەبارەی زانیاری مرۆڤایەتی»، «چەند تیۆرەیەک لەبارەی خاوەنداریەت و یاساگوزاری»، «تازەکردنەوەی رێـکـخـراوی کـۆمـەڵـگـەی ئـەوروپـی»، «لـە بـارەی پیشەسازی»، «سیاسەت»، «رێبازی کریستیانییەتی نـوێ»، و «سـەرەتـایـەک بۆ توێژینەوەی زانستی سەدەی نۆزدە».

زۆربەی ئابوری زانانێک، کە لە نوسینەکانیان کۆڵیوەتەوە، رووبەرووی نائومێدی بوونەتەوە. هەندێک بە دژ و نەیاری کلاسیکەکان و هەندێکی دیکە بە سۆسیالیستییان زانیووە. لەگەڵ ئەوەشدا، تـەواوی راڤەکاران لەلایەنی ئایینیەکەیەوە، کە بیرەکەی لە کۆتایی کارییەوە بەخۆوە گرتبوو، سەرسام بووە و بە نامۆی زانیووە.

**روانگەکانی سان سیمۆن**

سیمبولی کۆمەڵگەی پیشەسازی، پێویستە سیمبولی کۆمەڵگەی پیشەسازی بنەمایەکی میتافیزیکی تایبەتی لەخۆبگرێت، چونکە یەکەم، بە سەرنجدان لە روانینی تەواو، ئەزمونی جێ روانگەی ئەو، پێویستە کۆمەڵگەش وەک سروشت، پەیڕەوی لە ریسای بابەتی دەکات، بۆیە لە روانگەی سان سیمۆنەوە، دەبێت یاساکانی پەیوەندیدار بناسرێن و رەفتارەکان لەسەر بنەماکەیان رێکبخرێن. هاوکات، کامڵبوون و پەرەپێدان بەشێوەی پرۆسەیەکی هەمیشەیی لە داهاتوو پێشبینی کراوە. دووەم، سیمۆن هەوڵیدەدا کۆمەڵ تەواو بە زانستی بکات. ئەو پرۆسەیەی بەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگەوە ئەژمار دەکرد. لە پرۆسەی ناوبراو، چینە بەرهەمهێنەرەکان باڵادەستدەبن و چینە نابەرهەمهێنەرەکان وەک رەعیەت و خانەدان و پیاوانی ئایینی، دەکەونە ژێردەسەڵاتییان. خاوەن کارگەکان و بەرهەمهێنەرانی سامان، بە مانای گشتی، چینی نایاب و تایبەتی کۆمەڵگە ئەژماردەکرێن.

**ڕەچاوکردنی بنەمای ئەخلاقی**

ئەو بەردەوام گرنگی تایبەتی بە مەسەلە ئەخلاقییەکان دەدا. لەو ڕوانگەیەوە، سیستمی کۆمەڵ، بەبێ بنەمای هاوبەشی ئەخلاقی مەیسەر و ڕەخساو نییە، بەڵام دوو ناتەواوی لە زانستی ئەخلاقیدا هەیە، کە یەکێکیان پەیوەندی بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئەوی دیکە پەیوەندی بە نێوان حکومەت و تاکەکانی هەر وڵاتێکەوە هەیە. ئەگەر خەڵک، حکومەت وەک هۆکارێک، کە لەلایەن کۆمەڵەوە، ئەرکی ڕێکخستنی کاروبارەکانی پێ سپێدراوە، وەربگرن، ناتەواوی دووەم هەڵدەکشێت. سان سیمۆن سەرەڕای ئەوەی، کە ڕایگەیاندبوو پێویستە ئەخلاق بنەمای پەروەردە و فێرکردن بێت، دەیزانی کە دابینکردنی سیستمی کۆمەڵگە، تەنیا بە هاوکاری زانستی ئەخلاق مەیسەر نییە و ئەو کارە، دەبێت ئایین ئەنجامیبدات. ئەو لێرەدا لە بنەماخوازی ئایینی تازەی کۆڵییەوە و تووشی دڵەڕاوکێ و پەیامبەری بوو و خۆی بە دەربڕی قسەکانی خوا زانی.

**هەرەوەز و هاوکاری**

سان سیمۆن و لایەنگرانی دەڵێن، بە درێژایی مێژوو، بیر و ڕۆحیەتی لێکدژ و جیاکاری قازانج

لەلایەک، رۆحی هاوکاری و هەرەوەز لەلاکەی دیکە، لە کێشە و ململانێدا بوون. هەرجارێک، بیری دووەم بەسەر بیری یەکەمدا سەرکەوتووە، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەنگاوێکی بۆ پێشەوە هاویشتووە و هەرجارێک، کە بنچینەی چالاکی، لەسەر هەرەوەز بووە، خەڵک لە ئاشتی و خۆشی و برایەتی دا ژیاوون و بەپێچەوانەوە، هەرجارێک کە لێکدژی قازانج سەری هەڵداوە، ئاڵۆزی و پشێوی بەسەر کۆمەڵی مرۆڤایەتی دا زاڵبووە.

**چینی بەرهەمهێنەری سامان**

بە رای سان سیمۆن، چینی بەرهەمهێنەری سامان، کە توانای ئابوری هەیە، پێویستە دەسەڵاتی سیاسیشی بەدەستەوەبێت و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بتەوێ و نەتەوێت بەرەو قۆناغی بەدیهاتن و جێبەجێکردنی ئەو بنەمایە بەرەوپێشەوە دەچێت. بە گومانی ئەو، خاوەن کارگەکان، بە حوکمی قازانج، باشتر و زیاتر لەهەر کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی دیکە هۆگری رەونەقی ئابوریەکانی وڵات، ئاسودەیی، ئاشتی و خۆشی کۆمەڵگە، نەمانی زوڵم و زۆری و نادادپەروەریین و ئەگەر جڵەوی کاروبارەکان

بەدەستەوەبگرن، دەتوانن کۆمەڵگە بەباشترین شێوە ببەن بەڕێوە، بۆچی کە ئەوان توانیویانە کارگە و یەکەی پیشەسازی خۆیان ئیدارە بدەن.

**کار**

سان سیمۆن زۆر لە بێکاری بێزاربووەو جەختی لە جۆرێک مەزهەبی کار و پیشەسازی دەکردەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، تێڕوانینی لەبارەی کارەوە، بەپێچەوانەی گریمانەی سیمبولەکانی کاری کلاسیکی نوێیە، کە تێیدا زیادبوونی رادەی کار لە خوازراوی هێزی کار کەمدەکاتەوە. لەو روانگەیەوە باشبوونی بارودۆخی کرێکاران، دەبێتە کۆسپی بەردەم شۆڕشییان.

**قازانجی کەسی**

ئەو گریمانەی سەرەکی کلاسیکەکانی، کە قازانجی تاک بەشێوەی خۆکار هاوڕێکی قازانجی کۆمەڵایەتییە، رەتدەکاتەوە و باوەڕی هەبوو، پێویستە لە ریگای فێرکردنی ئەخلاقێکی نوێ، رۆحیەی قازانجخوازی کەسی دەوڵەمەندان ریفۆرمبکرێت.

## خاوەندارێتی تایبەتی

سیمۆن و لایەنگرانی هاوکات، کە وتەزای کێبەڕکێ و کاری بازاڕییان ڕەتنەدەکردەوە، بەرەو سڕینەوەی خاوەندارێتی تایبەتی و جێگرتنەوەی بە هەرەوەزییەکان لەجیاتی چالاکییەکانی ئاسایی بازاڕ دەچوونەپێشەوە. خاوەندارێتی تایبەتی و میرات، لە ڕوانگەیانەوە هۆکاری چەوساندنەوەی کرێکار و جۆرێک ئامێری ناعادیلانە ئەژماردەکرێت.

## لیبرالیزم

